زنجیرە کتێبی ناوەندی چاوی کورد ژمارە (٩)

# ژن و ناسیۆنالیزم

## لە کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦

نوسینی

شەهرەزاد موجاب

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

Chawykurd Center for Political Development

# ژن و ناسیۆنالیزم

## له كۆماره كوردیه‌كه‌ی ساڵی ١٩٤٦ دا

شه‌هره‌زاد موجاب

وه‌رگێڕانی له‌ئینگلیزییه‌وه‌:

محه‌مه‌د حه‌مه‌ساڵح تۆفیق

# پێشدەست:

هەرچەندە کورد وا ناسراون کە گەورەترین گەلی "بێدەوڵەتن" لە جیهاندا، بەڵام مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە لە حوکمی سەربەخۆییدا. یەکەم مێژووی کوردەکان، شەرەفنامە *Sharaf – Name* ساڵی ١٥٩٧ لەلایەن شەرەفخانەوە نووسراوە، کە حوکمڕانی میرایەتیی بەهێزی بەدلیس بووە. ئەو مێژووی بنەماڵە و رووداوەکانی نووسیوەتەوە چونکە مێژوونووسان مێژووی "حوکمڕانانی کوردستان و بارودۆخیان فەرامۆش کردووە". بە گوێرەی ئەم سەرچاوەیەی کە لە سەر ئاستێکی بەرفراوان ناسراوە، حکوومەتداریی کورد لە فۆرمی بەربڵاوی حوکمی سەربەخۆیی پێکهاتووە، کەوا لە حوکمی پاشایەتییەوە دەیگرێتەوە (سەڵتەنەت) تا حوکمی میرنشینە نیمچە سەربەخۆکان. ئەم سیستەمە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەردەوام بوو، کاتێ کە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی هێزی سەربازییان بەکارهێنا بۆ رووخاندنی دوا شەش میرنشینەکەی کورد.

دروستکردنی دەوڵەت بوو بە چەق و تەوەری خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد بە درێژایی سەدەی بیستەم. بایەخدارترین ئەزموون کە دەکرێ جیابکریتەوە لە پێکهێنانەکانی دەوڵەتی پێش مۆدێرن، کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦ بوو، کە لە باکووری رۆژهەڵاتی کوردستاندا دروستکرا و ئێستا بەشێکە لە باکووری رۆژئاوای ئێران. دەکرێ ئەم دەوڵەتە لە دەوڵەتە پێش مۆدێرنەکانی بەر لەخۆی جیابکرێتەوە نەک هەر لەبەر فۆرمە کۆمارییەکەی، کەوا لە لایەن پارتێکی سیاسی و ئەنجومەنێکی وەزیرانەوە بەڕێوەدەبرا بەڵکو لەبەر سیستەمی

خوێندنی مۆدێرنی، میدیای مۆدێرنی، سوپای نیشتمانی، سیستەمی باجی، سروودی نیشـــتمانی، ئاڵای نیشـــتمانی، زمانی نەتەوەیی و ئاراســـتەکردنی ژنان بەرەو ژیانی خوێندەواری و کولتووری و سیاسی.

لەکاتێکدا کە ئامادەگیی ژنان لە ژیانی خوێندەواری و رۆشـــنبیری و ســـیاســـیی کۆمارە کوردییەکەدا جیایەکردەوە لە هەموو فۆرمە پێش مۆدێرنەکانی حکوومەتداریی کوردی، ئەم فەسـڵە مشـتومڕ لەسـەر ئەوە دەکات کە پیادەکردنی دەســـەڵاتی دەوڵەت لە هەردوو حاڵەتەکەدا لە دەسـتی پیاودا بوو. لەڕاسـتیدا خەباتی نەتەوەیی لەپێناوی سـەربەخۆییدا، زیاتر وەک یاسای نێودەوڵەتی کە پشتیوانیی لە چارەی خۆنووسینی کورد دەکات بەتەواوی سیاسـەتێکی بندەسـەڵاتی پیاوە (بڕوانە ماکدۆناڵد، لەم بەشەدا).

ئەم بەشـــە یان فەسـڵە باس لە بەشـداری و تێهەڵکێشـبوونی ژنان دەکات لە کاروباری سـیاسـەتداکە بە نەریت دەسـەڵاتی پیاو بەسـەریدا زاڵە لە کۆمارە کوردییەکەدا. ئەمەش پشـت بە رووماڵێک دەبەسـتێت بۆ بڵاوکراوە و بەڵگەنـامەکانی دەوڵەتەکە و چـاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ژن و پیاوانەی لە ســـایەی رووماڵکردنی گۆڤارەکەدا ژیاون. حکوومەت، لە ماوەی ئەو مەودا کورتەی ژیانیدا ژمارەیەک هەنگاوی نا بەرەو بەشـداری پێکردنی ژنان لە ژیانی گشـــتیدا. بەهەرحاڵ، ژنان چوونە ناو ژینگەیەکی نامۆ و نائاسـاییەوە لە پشـتیوانیکردنی پرسی نەتەوەییدا و زۆربەیان وەک چالاکوان لە بزووتنەوەیەکی ژنان یان وەک ســـەرکردە یان کادری چالاک لە نێو حیزبی حوکمڕاندا. سەرکردە پیاوەکانی ئەم جووڵانەوە نەتەوەییە لە

ڕۆڵی "شایستە" و "شەرەفمەندانەی" ژنانیان دەڕوانی هێما و ئیکۆنی گەل و نیشتمانێکی مۆدێرن و وەک شکۆ و شانازییەکیش بۆ "دایکانی نیشتمان" لەقەڵەمیاندەدا.

# ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت

لە پاش رووخانی میرنشینەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا داواکاریی بۆ دەوڵەتێکی کوردی بەردەوامیی هەبوو لە ئەجێندای بنەماڵە لەسەرکار لابراوەکانی میرەکانەوە. حاجی قادری کۆیی (١٨١٨ – ١٨٩٧)، کە مەلا و شاعیرێک بوو کۆچی کرد بۆ ئەستەمبووڵ، بانگەشەی هەستان و رابوونی بۆ کورد دەکرد لەپێناوی دروستکردنی دەوڵەتی خۆیاندا. ئەو هانی کوردی دەدا بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆیان و ئەدەبی زارەکی و نووسراوی خۆیان کۆبکەنەوە و چاپ و بڵاوی بکەنەوە و زانستی نوێ و سێکولار بەدەستبێنن و بواری خوێندن بۆ مێینە بڕەخسێنن و بکەونە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار. سەرەڕای ئەوەش، هەر لە دەسپێکی سەدەی بیستەمەوە ئینتلیجێنتسیایەکی نوێ پەیدابوون، کەوا لەو فێرگە و قوتابخانە نوێیانەدا خوێندبوویان کە دەوڵەتانی عوسمانی و ئێران دروستیانکردبوون. لە شاری ئەستەمبوڵی پایتەخت و ناوەندە شارستانییەکانی تردا، ئەم چالاکوانانە کەوتنە بڵاوکردنەوە و کار رێکخستن. بزووتنەوەی تورکە لاوەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا و هاوزەمان لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی ئەورووپا و ئاسیادا هانی ئایدیای نەتەوەیی و دەوڵەتێکی مۆدێرنی نەتەوەییان دەدا. یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨دا بڵاوکرایەوە و بەدوایشیدا یەکەم رێکخراوی سیاسی لە ساڵی ١٩٠٨دا دامەزرا (بڕوانە کلەین، لەم

بەشـــەدا). لەگەڵ ئەوەشـــدا، ڕابەرایەتیی ئەم چالاکییانە لە دەســـتی ئەروستکراتییەتی زەویدا بوو.

جەنگی جیهانیی یەکەم وێرانکارییەکی هێجگار گەورەی لە کوردستاندا بەرپاکرد. لە پاش جینۆســـایدکردنی گەلی ئەرمەن لە ســـاڵی ١٩١٥دا، دەوڵەتی عوسـمانی سـەدان هەزار کوردی بۆ ڕۆژئاوای تورکیا ڕاگواسـت و زۆریـان مردن پێش ئەوەی بگەنەجێ. بەهەرحـاڵ، ئیمپراتۆرییەت لە جەنگدا دۆڕا و زۆربەی خاک و قەڵەمڕەوی لە نێوان زلهێزە ئەوروپییەکاندا دابەشـــکرا. هەردوو دەوڵەتی نوێی عێراق و ســـووریا لەلایەن بەریتانیا و فەرەنســـاوە دروســـتکران و وەک ئەنجامێک کوردســـتانی عوســـمانی لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە تازە دروسـتکراوە و تورکیادا دابەشـکرا. براوەکانی جەنـگ لە پەیمـانی ســـیڤەری ســـاڵی ١٩٢٠دا بەڵێنی دروســـتکردنی دەوڵەتێکی کوردییان دا. بەهەرحاڵ، بەر لە دروســتکردنی ئەم دەوڵەتانە، عوســـمانییەکان لەم شـــکســـتخواردنە هاتنەوە ســـەرخۆیان و هێزەکان لەلایەن مســـتەفا کەمالەوە ڕێکخرانەوە و هێز و دەســـەڵاتێکی کاریگەری دروســـتکرد لەوەی کە لە ئیمپراتۆرییەت مـابووەوە، کە ئەو خـاکەی ئەمڕۆی تورکیایە. لە ســـایەی گۆڕینی گۆڕانی تەرازووی هێزەکاندا پەیمانی ســـیڤەر گۆڕا بە پەیمانی لۆزان، کە باسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بۆ کورد تێدا نەهاتبوو. لە ســـاڵی ١٩٢٣دا، تورکیا وەک کۆمارێک ڕاگەیەنرا و دەسـبەجێ کەوتە تواندنەوەی کورد لە ناو ڕژێمی ئیتنۆ - ناسـیۆنالیســتی نوێدا.

خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی بەردەوام بوو لە ژێر سایەی سیاسەتی "بەمۆدێرن کردن" و سەنترالیزەکردنی حکومەتەکانی دوای جەنگدا. لە ئەنجامی ئەمەشدا زنجیرەیەک ڕاپەڕین و شۆڕشی گەورە بەرپابوون لە نێوان سالانی ١٩٢٥ و ١٩٤٢دا لە ئێران و تورکیا و عێراقدا و بەتوندی سەرکوتکران. لە ژێر داگیرکاریی بەریتانیا و ماندێتی بەسەر عێراقدا، حکوومەتێکی سەربەخۆ دەسەڵاتی گرتەدەست بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود، کە ڕابەرێکی ئاینی و فیوداڵێکی خاوەن مڵک بوو، لە کۆتایی سالانی ١٩١٠ و سەرەتای ١٩٢٠کاندا. شێخ مەحموود بەرهەڵستیی ئەو سنووردارکردنی دەسەڵاتەی دەکرد کە بەریتانیا بەسەریدا سەپاندبووی و خۆی وەک مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند. بەهەرحاڵ، حکوومەتەکەی هاوشێوەی میرنشینەکان بووکە لەسەر شێوازی دەرەبەگایەتیی (فیوداڵیی) کۆن ڕێکخرابوو، سەرەڕای کابینەکەشی سوپایەکی نیمچە مەشقپێکراو و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی حکوومیشی هەبوو. بەڵام حیزبی سیاسیی نەبوو و هەموو دەسەڵات لە ژێر دەستی شێخ مەحموودا بوو و سەرۆکە فیوداڵەکان لەلایەن خۆیەوە دادەمەزران. هیچ گۆڕانکارییەکیش ڕووینەدا لە ژیانی ژنان و جووتیاراندا کە زۆربەی زۆری دانیشتووانیان پێکدەهێنا.

ئەم سەرلەنوێ دابەشکردنەی کوردستان کاریگەریی جۆراوجۆری هەبوو لە سەر گەشەکردنی کورد وەک گەل و نەتەوە. لەکاتێکدا لە فیوداڵیزم و خێڵەکێتی لە دێهاتی کوردستاندا باڵادەست بوو، کۆمەڵگەی کورد لە ئەرمینیای سۆڤیێتیدا لە گۆڕان و وەرچەرخانێکی سۆشیالیستانەدا

بوو لە ناوچە ئۆتۆنۆمیدارەکەی ساڵانی (١٩٢٣ - ١٩٢٩) یاندا لە ناگۆرنۆ - قەرەباغ. لەکاتێکیشـــدا کە تورکیا و ئێران کوردیان خســتبووە بەر سەختترین شێوەی لەناوبردنی رەگەز و زمان (ethnocide and linguicide)، دەســەڵاتی ماندێتی بەریتانیا لە عێراقدا، لە ژێر ســەرپەرشــتی کۆمەڵەی گەلاندا، ئازادیی بەخشــییە کوردەکان لە بەکارهێنانی زمانی خۆیاندا بۆ چـاپ و بلاوکـردنەوە و خـوێنـدنی ســـەرەتـایی. هەرچەنـدە زۆربەی گەورەســـالانی کورد تـا ئەودەمە نەخوێنـدەوار بوون، بەڵام کوردەکانی یەکێتیی ســۆڤییێت تا ســاڵانی ١٩٣٠کان بەتەواوی بوون بە خوێندەوار. گەلی کورد لە ســاڵی ١٩١٨وە لە ژێر حوکمی ســیســتەمی ســیاســی جۆراوجۆردا ژیانیان بەســەردەبرد، لە فەرەنســییەوە (ســووریا ١٩٢٠ - ١٩٤٦) و تا ماندێتی بەریتانی (عێراق ١٩٢٠ - ١٩٣٢) بۆ پاشــایەتیی ســێکولار (ئێران ١٩٢٥ - ١٩٧٩، عێراق ١٩٣٢ - ١٩٥٨)، ئاینی یان تیۆکراسی (ئێران لە ســاڵی ١٩٧٩وە) و رژێمە کۆمارییەکانی ســێکولار و ناسیۆنالیستی پەرگر (تورکیا لە ١٩٢٣وە، عێراق لە ١٩٦٣وە، سووریا لە ١٩٦٣وە).

کاتێ کە یەکەم حکوومەتی کوردیی شــێوە مۆدێرن هاتەکایەوە، کە ئەویش کۆماری کوردیی ســـاڵی ١٩٤٦ بوو کە لە ئێران دامەزرا، مۆرکی دێهات زاڵ بوو بە ســـەر کۆمەڵگەی کوردیدا لەگەڵ ســـیســـتەمێکی پەرەســـەندووی بەهێزی پەیوەندیی دەرەبەگایەتی ئەگەرچی پێکهاتەی خێڵەکی بەرەو پاشـــەکشـــە دەچوو، بەڵام دانیشـــتووانی شـــارنشـــین بە چەســـپاوی گەشـــەیان دەکرد ئەگەرچی بە خاوی هەنگاوی دەنا لەگەڵ

بورجوازییەتی بچووکی بازرگانی و توێژێکی خوێندەواری سـێکولاردا. هیچ ئاسەوارێکی پەرەسەندنی پیشەسازیی نوێ و پرۆلیتاریایەک لەئارادا نەبوو تەنها لە پیشـەسـازیی نەوتدا نەبێت لە قەراخ و بیجاخی کوردسـتاندا لە کەرکووک و کرماشـان. بەشـبەشـبەش کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی بە هۆی سـنوورەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە پرۆژەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی زیاتر ئاڵۆزکرد سەبارەت بە بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت.

هەواڵنامەی کتێب

# سەرهەڵدان و رووخانی کۆمارە کوردییەکە

پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لە سایەی ئەو بارودۆخە ستراتیجییەی لە سەرەوە باسکرا لە حاڵەتێکی مەحاڵ دەچوو. بەهەرحاڵ، جەنگی جیهانیی دووەم هاوسەنگیی هێزی لە ناوچەکەدا گۆڕی و هەلومەرجێکی لەباری خولقاند بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئێراندا. پاش ئەوەی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤١دا هێرشی کردە سەر یەکێتیی سۆڤیێت، هەردوو هێزی هاوپەیمان، بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤیێت ئێرانیان داگیرکرد، لەبەر ئەوەی نەوەک ئەڵمانیا دەستپێشخەری بکات و وڵاتەکە داگیر بکات، کە لە سایەی حوکمی رەزا شادا بە لای ئەڵمانیادا دایدەشکاند. هێزەکانی سۆڤیێت باکووری ئێرانیان داگیرکرد و لە هەمان کاتیشدا هێزەکانی بەریتانیا باشووری وڵاتەکەیان گرت و ناوچەیەکی بچووکی جیاکەرەوەیان لەنێوان خۆیاندا هێشتەوە.

کوردەکانی باکووری کوردستان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لە هاتنی سوپای سوور کرد، هەر هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی بوو بە هۆی هەڵوەشانەوەی خێرای دامودەزگا ستەمکارەکانی دەوڵەتەکەی رەزاشا، واتە پۆلیس و سوپا و جاندارمیری (جەندرمە، دەرەک). بە لاوازکردنی دەوڵەتی پەهلەوی، هەستی نەتەوەیی کورد و تورکە ئازەربایجانییەکانی دراوسێیان ئاشکرابوو. هێزە داگیرکەرەکانی سۆڤیێت پابەند بوون بە رێزگرتن لە یەکگرتوویی خاکی دەوڵەتی ئێران تا ئەو دەمەی خاکی وڵاتەکەیان لەژێر دەستتدا دەمێنێتەوە لە کاتی جەنگدا. بەهەمان شێوە

بایەخیشیان بە پاراستنی یاسا و نیزام دەدا لە کوردستان و ئازەربایجاندا کەوا بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک ڕاڕەو بەکاریان دەهێنا بۆ ناردنی هاوکاری و یارمەتیی پێویست بۆ بەرەکانی شەڕ لە ستالینگرادەوە بۆ لینینگراد. بەو پێیە، یەکێتیی سۆڤیێت ناسیۆنالیزمی کوردی یان ئازەربایجانییان هان نەدەدا و پەکیانخستبوون، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٤١وە تا ١٩٤٥. بەڵام سەرەڕای ئەم سنووردارکردنانەش هەردوو ناسیۆنالیزمی کورد و ئازەربایجانی گەشەیەکیان بەخۆیانەوە بینی.

تەنانەت لە پێش کۆتایی جەنگیشدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان یارمەتیی شای نوێی ئێرانیان دەدا بۆ بنیاتنانەوەی سوپا و دەرەک. خەڵک لە سەرانسەری ئێراندا خەبات و تێکۆشانیان دەکرد لە پێناوی دێموکراسی و سەربەخۆبوون لە بەریتانیا و هەژموونی رووڵەزیادی ئەمریکا. کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا داوای ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێرانیان دەکرد لە حکوومەتی ئێران، کە نزیکی کێڵگە نەوتییەکانی باکۆ بوون. یەکێتیی سۆڤیێت ئەمەی وا لەقەڵەمدا کە نەخشە و پلانێکی ئەمریکی بێت بۆ دامەزراندنی بنکەی چاودێری لە سنووری کۆمارەکانی قەوقازیدا.

هێزە رۆژئاواییەکان و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەرچەندە شکستخواردنی ئەڵمانیا خۆشحاڵی کردن و لایان بایەخدار بوو، بەڵام نیگەران بوون لە سەرکەوتنەکانی سۆڤیێت و لێی سڵەمینەوە و بە هەمان شێوەش لە سەرکەوتنی حیزبە کۆمۆنیستەکان لە یۆنان و ئەلبانیا و یۆگوسلاڤیا و چین و شوێنەکانی تری جیهان. ئەم سەرکەوتنانە بوون بە پشتیوان بۆ بزووتنەوە سۆشیالیستی و نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکان لە

ئێران و وڵاتە ئاسیاییەکانی تردا. بە هۆکاری گۆڕانی بارودۆخی سیاسی لە دواساڵی جەنگدا هێزە ڕۆژئاواییەکان هەوڵی ڕاگرتنی هەڵکشانی بزووتنەوە دژە کۆڵۆنیاڵییەکانیان دەدا. ویلایەتە یەکگرتووەکان وایان دەڕوانییە ئێران و تورکیا و یۆنان کە ناوچەی ستراتیجیی سەرەکی بن بۆ دامەزراندنی بنکەکانیان دژ بە یەکێتیی سۆڤییێت و ئابلووقەدانی بزووتنەوە کۆمۆنیستەکان لە وڵاتانی بەڵکان و ڕۆژئاوای ئاسیادا. ناکۆکی و ململانێی تر، کە هەندێکیان کۆن و هەندێکیشیان نوێ بوون، لە نێوان یەکێتیی سۆڤییێت و هێزە ڕۆژئاواییەکاندا لە ئەوروپا و ئاسیا هاتنە بەرپاکردن بە کۆتاییهاتنی جەنگ لە ساڵی ١٩٤٥دا.

بەگوێرەی ئەم بارودۆخە، یەکێتیی سۆڤییێت ڕەتیکردەوە هێزەکانی لە باکووری ئێران بکشێنێتەوە پاش ئەوەی کە جەنگ کۆتایی هات. بێجگە لەوەش مۆسکۆ هانی ناسیۆنالیستەکانی ئازەربایجان و کوردستانی دا حکوومەتی سەربەخۆی خۆیان پێکبێنن لە چوارچێوەی دەستووری ئێراندا. لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٥دا "حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان" دامەزرا و لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا "کۆماری کوردستان" لە مهاباد ڕاگەیەنرا[٢]. هەردوو ڕژێمە سەربەخۆکە بوون بە پێگەی ململانێی نێوان ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و ئێرانی پاشایەتی و یەکێتیی سۆڤییێت و کوردەکان و ئازەربایجانییەکان. بە هاوکاریی ڕۆژئاوا ئێران مەسەلەی ڕەتکردنەوەی کشانەوەی سۆڤییێتی گەیاندە نەتەوە یەکگرتووەکانی تازە دروستبوو. پاشان لە مایسی ١٩٤٦دا دوا یەکە سەربازییەکانی یەکێتیی سۆڤییێت لە

ئێران کشایەوە و شەش مانگ دواتریش لەشکری ئێران هێرشی کردە سەر هەردوو حکوومەتەکە بە بیانووی "پاراستنی یاسا و نیزام" لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی ئێراندا. هەردوو رژێمە ئۆتۆنۆمیدارەکە، کە یەکێتیی سۆڤیێت قەناعەتی پێکردبوون، بەرگرییان نەکرد و لە دیسەمبەری ١٩٤٦دا بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی رووخان، کە بوو بە هۆی لەسێدارەدانی سەدان کەس لە سەرکردە و بەشدارانی ئەو بزووتنەوەیە.

هەواڵنامەی کتێب

# ژنانی نیشتمان

کۆماره کوردییەکە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردەوە (حدک) دامەزرا، کە لە مانگی ئابی ١٩٤٥دا دروستکرا و لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە" و بە کوردی بە "کۆمەڵەی ژێ کاف" دەناسرا، هاتەکایەوە. ئەم رێکخراوە نهێنی بوو و بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی دەکرد کە هەموو پارچەکانی کوردستانی گەورە لەخۆبگرێت و چەندین بڵاوکراوەی دەردەکرد و تێیاندا هەڵوێستی خۆی لە مەسەلە سیاسییەکان دەردەبڕی و سەرقاڵی پەخشنامە و بڵاوکردنەوەی نهێنی بووبوو، بۆ نموونە، هۆنراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی و رۆژژمێری کوردی و گۆڤارێکی زۆر بەناوبانگ بە ناوی "*نیشتمان*". فرەجار وا لەقەڵەم دەدرا کە یەکەم حیزبی نەتەوەیی ئاسۆ مۆدێرنە. دامەزرێنەرەکانیشی ــ ئەندامانانی نێرینەی بۆرجوازییەتی بچووکی شارستانی بوون و رێکخراوەکە بە رێکخراوێکی خێڵەکی و فیوداڵیزم دادەنرا، یان وردتر بڵێین، خاوەن زەوییە خێڵەکی و فیوداڵە نانەتەوەییەکان رێگر بوون لە بەردەم گەشەکردنی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەیدا. هەرچەندە ئەم حیزبە بانگەشەی ریفۆرمی زەویوزاری نەدەکرد بەڵام یەکەم رێکخراو بوو کە داوای چاککردنی ژیان و گوزەرانی جووتیارانی دەکرد.

دوژمنە دەرەکی و سەرەکییەکانی کۆمەڵە هەر چوار دەوڵەتی ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا بوون کە حوکمی کوردستانیان دەکرد و

نکووڵییان لە مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکرد. هەڵبەت دوژمنە ناوخۆییە سەرەکییەکانیش خێڵەکێتی و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی ئابووری و پیشەسازی بوو. لە چوارچێوەی ئەم کارەدا هەندێ جار داوا لە ژنان دەکرا بچنە پاڵ پیاوان و بەشداریی رزگاریی دایکی نیشتمان بکەن. لە چامە شیعرێکدا بە ناوی "گفتوگۆی برایان و خوشکان"، کە لە گۆڤاری "*نیشتمان*"دا بڵاوبووەتەوە (هێمن ١٩٤٣ - ١٩٤٤ : ٢٣ - ٢٤)، خوشکەکە بە براکەی دەڵێ کە چیتر ستەم و سەرشۆڕی قبووڵ نەکات چونکە گەلانی تر هەموو رزگاریان بوو و دەبێ ئەویش ژیان و ماڵی خۆی بەخت بکات بۆ دایکی نیشتمان. ئەوجا براکەش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

داده گیان، کچه کوردی ژیکەڵە
داوێنی پاکت دووربێ لە پەڵە
لینین هەڵستا زوڵمی "چار" شێوا
تۆ هێشتا حەپسی لە ژێر چارشێوا
کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە
هەر هەقی کچی کوردە پێبەستە
بیپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت
"دادە" گیان بدە یاریی "برای" خۆت
لە ڕێی نیشتمان بەهیوای خودا
خەریکی کاربین با خوشک و برا
لە گوین "ژان دارک" هەستە وەک مەردان

هەواڵنامەی کتێب

## دوژمن وەدەرنێ لە خاکی کوردان [1]

ئەم بابەتە لە زۆرێک لە هۆنراوەی نەتەوەیی بە درێژایی ئەم سەدەیە دووبارەبووەتەوە. مێینەی کورد داوێنپاک و جوانە، بەڵام ئەمیش وەک پیاوانی کورد لەلایەن دوژمنەوە ستەملێکراوە. ئەویش بە هاوکاریی پیاوان، دەتوانێت وەک جان دارک، نیشتمانی دایک رزگار بکات. هەمان ژمارەی گۆڤارەکە کورتەباسێکی تێدایە لە سەر "خانمە شاعیرێکی کورد بە ناوی حەیران خانمی دونبولی" (١٩٤٣ - ١٩٤٤ : ٢٩ - ٣٠). هۆنراوەکە بە فارسی نووسراوە و پێدەچێت تەنها بۆ ئەوە باسکراوە بۆ دەرخستنی داهێنانی ژنی کورد لە شیعردا.

دواین ژمارەی گۆڤاری "نیشتمان"، (٧، ٨، ٩ ، بەهاری ١٩٤٤: ١٠) وێنەیەکی فۆتۆگرافی دوو کچی کوردی تێدایە کە لە تورکیا لەسێدارەدراون. ئەو شیعرانەی لە ژێر وێنەکەدا نووسراون وێنەیەکی نموونەیی ژنان دەخەنەڕوو لە لایەن نەتەوەپەروەرەکانەوە:

هەرکە ئەو سوێندی خوارد کەسێکی تر دەڵێ ئادەی
بێغیرەت بیت وەکو ژنان، دەرپێ ژنانت لەپێدابێت!
چ کوڕێک لە جیهاندا هەیە وەک ئەم دوو کچە

---

(١ ) تێبینی: ئەم کۆپلە شیعرە بە سوپاسەوە برای ئازیزم مامۆستا فەرهاد شاکەلی لە گۆڤاری "نیشتمان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان دەریهێناوە و بۆی ناردووم و لێرەدا وەک خۆی دامناوەتەوە لەبری ئەوەی جارێکیتر لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی خاتوو شەهرەزاد موجابەوە بیکەمەوە بە کوردی کە بێگومان وەک دەقە ڕەسەنەکە دەرناچێتەوە - وەرگێڕ

ببێتە هێما و ســـیمبۆڵێک، لە ســـیاســـەتدا، بۆ مەســـەلەی دایکی نیشتمان؟

ئەم دوو نەمامە بۆ نیشتمانی دایکی کورد بوون بە قوربانی
وەی لە بەختەوەریی ئەو کورەی لەم دوو کچە بچت!

ئەم چامە شیعرییە بە شان و باڵی ئەو ژنانەدا هەڵدەدات کە شەڕی دوژمن دەکەن، بەڵام هەموو ژنان دەخاتە بەر توندوتیژیی ســـیمبۆڵیکی باوکایەتی (پاتریارکی) - کە تووڕیاندەداتە لاوە و تەنانەت پۆشـاکیشـیان بە "دزێو" دادەنێت. دەکرێ ژن و پیاو تەنها لە ڕێگەی خەبات و تێکۆشانەوە لەپێناوی رزگارکردنی نەتەوەدا یەکسانی بەدەستبێنن، لەگەڵ ئەوەشدا لە حاڵەتی ژناندا مەسەلەی سێکس و زایەندی لە پرۆژەی بنیاتنانی نەتەوە و گەل دانابڕێت و پاک و خاوێنیی نەتەوە و هێزی لە داوێنپاکیی ژنەکانی جیانابێتەوە. ئەگەر پێویســـت بێت دایکی نیشـــتمان لە هەژموونی بێگانە پاکبکرێتەوە، ئەوە دەبێت ژنی نموونەییش پاکژ و پاکیزە بێت لە ڕووی شەرع و یاساوە.

کۆمەڵەی ژێ کاف بنیـاتنـانی یەک نەتەوەی کوردی بە ئـامـانج گرتووە، لە ڕێگەی دروســـتکردن و پێکهێنـانی دەوڵەتێکەوە کە حوکمی کوردســـتانی گەورە بکات، بەڵام سروشـــتی ئەم دەوڵەتە بە ڕوونی باس نەکراوە، ئەگەرچی ڕێکخراوەکە رایگەیاندووە کە "دێموکراسـی" یەکێک دەبێت لە مادەکانی دەســـتوورەکەی "*مەرامنامە*"[٣]. بەهەرحاڵ، وەک کۆمەڵەش، بزووتنەوە نەتەوەییەکانی تر، تەنها یەک بیر و باوەڕ لەبارەی دێموکراسییەوە مێشکی داگیرکردبوو، کە ئەویش سەربەخۆیی و رزگاربوون

بوو له حوکمی داگیرکەری بێگانه. ڕێکخراوەکه دەمیشی دەکوتا بۆ پێداویستییەکانی دیکەی ژیانی دێموکراسی، چەشنی یەکسانیی جەندەریی نێوان نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ، کەچی تەنانەت بیریشی نەکردبووەوە له هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییه فیوداڵییەکان. ژن لای ئەوان مڵک و خاوەندارێتی و پاکی و دایکی نیشتمان بوو.

بێجگه له پرۆپاگەنده له ڕێگەی میدیای چاپەمەنی و شیعرەوە. کۆمەڵه شانۆی به سەرکەوتوویی بەکاردەهێنا لەپێناوی برەودان به مەسەلەی نەتەوەیی. یەکەم نمایشی شانۆیی له بەشەکانی باکووری کوردستانی ئێراندا کەله سیناریۆ و دەرهێنانی کۆمەڵه بووبێت، شانۆیی "*دایکی نیشتمان*" بوو. لەم درامایەدا دایکی نیشتمان کۆت و زنجیر کرابوو به جلی رەش و سەری سپییەوە و داوای له "رۆڵه" بەشمەینەتەکانی دەکرد له کۆیلەیی و ستەمی حوکمی ئێران و تورک و عێراقییەکان رزگاربن. ئەم دیمەنەی نمایشەکه فرمێسکی له چاوی جەماوەری ئامادەبووان هێنا. له پەردەیەکی تری نمایشەکەدا، رۆڵەکانی دایکی نیشتمان به دەم داواکاری و بانگەوازەکەوە چوون و چەکیان هەڵگرت و داگیرکەرانیان راونا و دایکەکەیان رزگار کرد. کردارەکەی ئەم دواییه وێنای گەیشتن به دەسەڵات دەکات له نیشتمانی دایکدا، که ئەویش پێکهێنان و دروستکردنی دەوڵەتی کوردییه. هەر پێنج پەردەکەی شانۆییەکه و پشوودانی نێوانیان خوێندنەوەی شیعری حاجی قادری کۆیی و چەندین گۆرانی و سروودی نەتەوەیی تێکەوتبوو. شانۆییەکه، که چەندین جار له مهاباد و شارەکانی تردا نمایش دەکرایەوە، کاریگەرییەکی قووڵی دروستکرد

و وەک ســاتەوەختێکی شــکۆدار لە یادەوەریی میللیی خەڵکی ناوچەکەدا مایەوە. بە بێ ســەرســوڕمان، کۆمەڵە کە بەرهەمهێنی شــانۆییەکە بوو، نەیویســـــت یان نەیتوانی ئەکتەرێکی مێینە بدۆزێتەوە کەوا ڕۆڵی دایکی نیشــتمان ببینێت و ســەرجەمی دەســتە و تاقمی ئەکتەران نێرینە بوون. تەنانەت هەندێ لە کوڕە ئەکتەرە گەنجەکانیش تووشی ڕێگری بوون لەلایەن باوکە دەسڕۆ و دەوڵەمەندەکانیانەوە، کە وا دەیانڕوانییە ئەم کاری دڵخۆشــکردن و ڕۆڵبینینی چینی خوارەوە تێیدا کارێک بێت کە نەگونجاو بێت لەگەڵ شکۆ و ناوبانگی چینایەتیی ئەواندا[٤].

هەواڵنامەی کتێب

# بنیاتنانی نەتەوە لە کۆمارە کوردییەکەدا

کۆمـار کە یەکەم ئەزموون و تـاقیکـردنەوە بوو لە پێکهێنـانی حکوومەتێکی سەربەخۆی شێوە مۆدێرندا، لە پراکتیکدا لە دەوڵەتی ئێران سەربەخۆ بوو. دامەزرێنەری کۆمارەکەش سەرۆکێکی خێڵەکی یان فیوداڵ نەبوو بەڵکو لەڕاسـتیدا حیزبێکی نوێ بوو، کەوا کۆپییەکی ریفۆرمکراوی کۆمەڵە بوو. گۆڕانکاریی سـەرەکیی رێکخراوەکە ئەوەبوو کە داواکاریی دروستکردنی کوردستانی گەورەی پشتگوێ خست و ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر بە هۆی بوونی سـۆڤێتەوە بوو لە ناوچەکەدا کە پشـتیوانیی لە هەردوو حکوومەتی سـەربەخۆی ئازەربایجان و کوردسـتان دەکرد بەڵام پابەندی پاراستنی یەکگرتووی خاکی دەوڵەتی ئێرانیش بوو.

لە لایەنی دیمۆگرافییەوە، شاری مهابادی پایتەخت رۆڵی بچووک بوو لە بەرانبەر دێهاتدا کە لە ژێر دەسـەڵاتی سـەرۆک خێڵ و فیوداڵە خاوەن زەوییەکاندا بوو. حیزبی دێموکراتی کورد هیچ کارێکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی دەرەبەگایەتیی زەویوزار نەکرد، یان تەنانەت ریفۆرمیش تێیدا و جووتیارەکانی لە ژێر بارودۆخی زەویبەندەییدا بەجێهێشـت. هەڵبەت شـکسـتهێنان لە هەڵوەشـانەوەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکاندا کارەساتی لێکەوتەوە. لە ڕووی سیاسییەوە، زۆربەی دانیشتووان لە ژێر کۆنترۆڵی راسـتەوخۆی فیوداڵەکان و سـەرۆکە خێڵەکییەکاندا مانەوە. لەبەر ئەوە جووتیارەکان ئەو هاووڵاتییانەی کۆمارەکە نەبوون کەوا لە مافەکاندا یەکسـان بن بە خەڵکی پایتەخت. بێجگە لەوەش سـەرۆکە

فیوداڵەکان پلە و پایەی گرنگیان پێدرا لە بواری ســـەربازی و کارگێڕیی مەدەنیدا. ئەو ســـەرۆکانە هەرچەندە ســـتەم و ســـەرکوتکردنی زۆریان چەشت لە سەردەستی حکوومەتی ڕەزاشادا (١٩٢٥ - ١٩٤١)، بەڵام بێ خواستی خۆیان و بە ناچاری هاتنە پاڵ کۆمار و چاوەڕێی کەوتنیان دەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە لای حکوومەتی ناوەندی، هەروەها هەســـتیان بە مەترسی دەکرد لە بوونی سـۆڤییێت و هەڕەشـەی کۆمۆنیزم و هەڵکشـانی سـیاسـەتی شـارسـتانیی کورد و دەسـتێوەردانی لە کاروباریاندا. سـەرباری ئەوەش کە نەتەوەپەرســـتەکانی شـــارســـتانی داوای هەڵوەشـــانەوەی دەرەبەگایەتی (فیوداڵیزم) و خێڵەکێتیشیان نەکردبوو، بەڵام ڕەخنەیان لە بارۆدۆخی سەرکوتکارانەی دێهات دەگرت و پەست و ناڕازی بوون لەوەی کەوا بزووتنەوەی نەتەوەیی خیـانەتی لێـدەگرێـت لە لایەن ســـەرۆک خێڵەکانەوە.

کۆمار لە سەر ئەو سیستەمە کارگێڕییە ڕۆیشت کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دارێژرابوو. حیزبەکەش بیرۆکراتییەتی مەدەنیی بە شـــێوەیەکی کوردانە پیادە دەکرد و لەکاتێکدا سوپا و جەندرمەی هەڵوەشاندەوە و بە "ســـوپایەکی نیشـــتمانی" جێگەی گرتەوە بە فەرماندەیی ئەو ئەفســـەرە کوردانەی لە ڕیزی هێزە چەکدارەکـانی عێراق و ئێران هەڵاتـبوون. کابینەیەکی حکوومەت و هەروەها ئەنجومەنێک پێکهاتن و دامودەزگاکانی کولتووری، چەشنی کتێبخانە و ئێستگەیەکی ڕادیۆ و چالاکیی سینەما و چـاپەمەنی و ڕۆژنـامەگەری دامەزران. بە هەمـان شـــێوە حیزبەکە چـالاکییەکـانی خۆی پەرەپێـدا بە دروســـتکردنی کەرتێکی گەنجـان و

ڕێکخراوێکی ژنان. ئەوجا کۆمەڵێک کارئاسانی کرا بۆ چاککردنی بارودۆخی خاوەن دووکانە بچووک و هەژارەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لە گونددا هەر وەکو خۆی مایەوە، سەرەڕای بەڵێنی دەستتێوەردان لە بەرژەوەندیی هەردوک جووتیاران و خاوەن زەوییەکانیش[٥].

هەواڵنامەی کتێب

# دایکی نەتەوە و نیشتمان

خاک و قەڵەمڕەوی کۆمار تەنها بەشی باکووری کوردستانی ئێرانی گرتبووەوە و پایتەختەکە شاری مهاباد بوو کە دانیشتووانی نزیکەی شانزە هەزار کەس دەبوو، لەگەڵ گرنگترین شارەکانی کە بۆکان و نەغەدە و شنۆ بوون. بە گوێرەی تۆمارەکانی حکوومەت دانیشتووانی مهاباد لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨دا، ١٦٤٥٥ کەس بووە کە ٨١٨٩ ی مێ و ٨٢٦٦ ی نێر بووە[٦] و ژمارەی دانیشتووانی کە لە لایەن سوپای ئێرانەوە پێشکەس کراوە لە ساڵی ١٩٥١دا ١٥٩٧١ [٧] و هەمان سەرچاوە ژمارەی دانیشتووانی بۆکان بە ٣٠٧٤ و شنۆ بە ٢٢١٢ کەس دادەنێت.

لە نەڕەخساویی زانیاریی سەرژمێریی ئەم ماوەیەدا، ئاسان نیە زانیاریی ورد لەبارەی ژیانی وردی ئافرەتەوە دەستبکەوێت. یەکەم سەرژمێریی نیشتمانیی ئێران لە نۆڤەمبەری ١٩٥٦دا ئەنجامدراوە و ئەمەش رێک دە ساڵ پاش رووخانی کۆمار ئەنجامدراوە و ژمارە ئاماری ورد لە سەر شارەکە و تەواوی هەرێمەکە بەدەستەوە دەدات (بەشی ئاماری مهاباد).

باری فیزیکیی مهاباد بە شێوەیەکی بەرچاو نەگۆڕاوە سەرەڕای تێپەڕبوونی دە ساڵ بەڵکو تەنها ژمارەی دانیشتووانی شارەکە زیادی کردووە بۆ ٢٠٣٣٢ کەس. بەپێی ئەم زانیارییانەش، دە ساڵ لەدوای کۆمار تەنها ١٠%ی دانیشتووانی مێینەی تەمەن دە ساڵ و بەرەو سەرەوە خوێندەوار بوون، واتە توانیویانە "بنووسن و بخوێننەوە". لە رێگەی سوود وەرگرتن لە ژمارەکانی ئەم ئامارەوە دەتوانین بگەینە هەندێ

هەواڵنامەی کێژ

بیر و بۆچوون له سـەر تێکڕای ڕێژەی خوێندەواریی مێینە گەورەکان (١٥ ساڵ و بۆ سـەرەوە) لە ساڵی ١٩٤٦دا. بۆ نموونە، گرووپی تەمەنی ٢٥ بۆ ٣٤ ساڵ لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٦دا تەمەنیان ١٥ بۆ ٢٤ ساڵ بوون لە سـالّی ١٩٤٦دا. هەڵبەت زۆر دوورە کە توانا و زیرەکیی خوێندنەوە و نووسـینی ئەم گرووپەی تەمەنە لە ماوەی دەیەیەکدا گۆڕابێت. لە سـاڵی ١٩٥٦دا، تەنها ٦,٤ لە سـەدی ڕێژەی مێینە (٨٥ لە کۆی ١٣٢١ کەس) لە گرووپی تەمەنی ٢٥ بۆ ٣٤ سـاڵ توانیویانە بخوێننەوە و بنووسـن. لە سـاڵی ١٩٥٦دا ڕێژەی خوێندنەوە و نووسـین بە شـێوەیەکی توند دادەبەزێت بۆ ٣,٧ لە سەد بۆ گرووپە تەمەنی ٣٥ بۆ ٤٤ ساڵ کە دەکاتە (٢٧ لە کۆی ٧٣٨ کەس) و بۆ٨,٠ لە سەد بۆ گرووپە تەمەنی ٣٥ بۆ ٤٤ سـاڵ (٦ لە کۆی ٧٦٥ کەس)[٨]. ئەم ژمارانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێژەی خوێندەواریی گەورانی تەمەن (١٥ سـاڵ و بۆ سـەرەوە) لە سـاڵی ١٩٤٦دا لە سەدا چوار زیاتر نەبووە. هەروەها لە سەرچاوەکانی تریشەوە دەردەکەوێت کەوا زۆربەی خوێندەوارەکان لەو قوتابخانانەدا فێری خوێندەواری بوون کە لەدوای ساڵانی ١٩٣٠کان دروستکراون.

حیزبی دیموکراتی کورد، لەو دەسـتوورەیدا (پەیڕەو و پرۆگرامەیدا - و کە کەمتر لە دوو مانگی پێش دامەزراندنی کۆمار بڵاویکردەوە، ڕایگەیاند کەوا لە کوردسـتان و بە هەمان شـێوەش لە هەموو ئەو ئوسـتانانەی ئێرانیشـدا کە کوردیان تێدا دەژی "پێویستە بەرژەوەندییەکانی جەماوەری خەڵک بە پێی بنەمای دیموکراسی بپارێزرێن" (فەسـڵی ٢، مادەی ٤). هەروەها بەڵگەنامەکە، بە هەمان ئەو زمانەی کە لە دەسـتوورەکەی

هەولنامەی کتێب

کۆمەڵەدا (واتە کۆمەڵەی ژێ کاف - و) هاتووە، رایگەیەندووە کەوا "ئامانجی حیزب بەرفراوانکردنی دیموکراسییە و بەپێی ئەو بنەمایەش، خەبات کردن و تێکۆشانە لەپێناو خۆشگوزەرانیی مرۆڤدا" (مادەی ٥). یەکسانیی نێوان ژن و پیاویش بە شێوەیەکی ئاشکرا بەم جۆرە باسکراوە: "لە هەموو کایەکانی سیاسی و ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتیدا پێویستە ژن مافی یەکسانی هەبێت لەگەڵ پیاودا" (بەشی ٤، مادەی ٢١)[٩].

حیزبی دیموکرات لە ماوەی ژیانی کورت و پڕ ئاڵۆزیدا، نەیتوانی کۆنگرەی خۆی ببەستێ وەک لە دەستوورەکەیدا بەڵێنی دابوو، هەروەها نەیتوانی میکانیزمی هەڵبژاردن و دیموکراتییەتی پەرلەمانی دابڕێژێت و حیزبەکە خۆی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری بوو. سیاسەتی جەندەریشی پەیوەستبوو بە هەلومەرجی تێڕوانینی نەتەوەیی بۆ سەرکردایەتیی نێرینە و ئەو رێگەیەی کەوا سەرکردەکان و ژنان هەوڵی تێدا دەدەن بۆ گۆڕینی دۆخ و سیاقی سەردەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیی ئەو دەمەدا.

# حیزبی ژنان

لەکاتێکدا کە سەرکردایەتیی کۆمار نکووڵی لە جووتیارەکان کرد، بەڵام زۆرینەی دانیشتووان، مافە دیموکراتییەکان، نیوەکەی تری دانیشتووان کە ژنانن، پلە و پایەیەکی بەرچاویان پێدرا لە ژیانی شارەکەی پایتەختدا. لە کاتی ئاهەنگگێڕان بە "سەربەخۆیی کوردستان" لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا، کەوا لە گەڵ ژمارەی رۆژنامەی "*کوردستان*"دا راگەیەنراوە و بیست و سێ کەس لە گەورە کاربەدەستانی کۆمار وتاریان بۆ جەماوەر داوە و دوو کەس لەوانەی قسەیان کردووە و وتاریان داوە مامۆستای ژن بوون و قوتابخانەی کچانیش یەکێک بوو لەو چوار قوتابخانەیەی سروود و گۆرانیی نیشتمانییان پێشکەش کردووە[١٠].

هەردوو وتاردەرە ژنەکە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوون و بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئاهەنگیان گێڕاوە و جەختیان لە سەر پێویستیی بەشداریی چالاکانەی ژنان کردووە لە خەبات و تێکۆشاندا. خەجیجەی مەجدی یەکێک لەو مامۆستایانە بووە کە وتوویەتی:

"خوشکە بەڕێزەکان، ئێستا با تەماشای برا ئازیزەکانمان بکەین و دەست بخەینە ناو دەستی یەکتر، چونکە من وایدەبینم کە نیشتمانی دایک چاوەڕوانی کچەکانێتی دەستبەکاربن و دەست بە خوێندن و فێربوون بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش بگەینەوە بە براکانمان. جیهانی ئەمڕۆ پێویستی بە کچان و کوڕانە وەک خوشک و برا دەست لە ناو دەستی یەکتر بنێن لەپێناوی رزگارکردنی دایکی نیشتماندا"[١١].

ئەم هێڵە سیاسییە هەمیشە لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەدا گوزارشی لێوەدەکرا و بەردەوام لە گوتار و وتاردانی ژنان و پیاوان و رۆژنامە و شیعردا جەختی لە سەر دەکرایەوە[١٢].

لە پاش نزیکەی دوو هەفتە دواتر، مامۆستاکانی قوتابخانەی کچان بۆنەیەکی کۆبوونەوەیان رێکخست لە هۆڵی ئۆفیسی پەروەردە بۆ ئاهەنگگێڕان بە "سەربەخۆیی و ناساندنی رابەری کوردستان"[١٣]. بە پێی راپۆرتی رۆژنامەکە (کە لەدوای دامەزراندنی حیزبی ژنان بڵاوکرایەوە)، "خانمی رابەر یان پێشەوای کوردستان" یان (*پای پێشەوای کوردستان*) و ژمارەیەکی گەورەی ژنە ئەندامەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و خەڵکانی هەموو بوارەکانی ژیان لەم بۆنەیەدا بەشداربوون. لەوێدا خانمی (یەکەم) وتارێکی دا لە سەر "پێشکەوتنی ژنان و ئاراستەکردنیان". پاشان جووتێ گوارەی ئاڵتوونی پێشکەشی خاتوو ویلما سەیادیانی بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان کرد. خانم لە وتاردانەکەیدا بیری هەموو کەسێکی خستەوە لەبارەی پێویستیی ژنانەوە بۆ فێربوون لە ژنانی دەرەوە کەوا "یارمەتیدەری گەورەی پیاوەکانیان بوون لە جەنگی گەورەدا" و گوتی:

"نابێت ئێمە هەمیشە چاوەڕێی مێردەکانمان بین پارە و جلوبەرگ و زێڕمان بدەنێ. خانمە بەڕێزەکان، منداڵەکانتان بەدبەخت مەکەن لە رێگەی هێشتنەوەیان لە ناو چواردیواری ماڵەوەدا، بیاننێرن بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی وەک پیاو و ژنە نەخوێندەوارەکانیان لێنەیەت و بەڵکو بتوانن بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانیان بکەن و بەتایبەتیش بۆ ئەوەی ژنی کورد بتوانن هاوشێوەی ژنە شارستانییەکان بن لە دەرەوە".

قسـه‌که‌ری دووه‌م، خانمه به‌ڕێوه‌به‌ری قوتابخانه‌ی کچان، جه‌ختی له سـه‌ر خوێندنی ئافره‌تان کرده‌وه و یه‌کگرتنیان له‌گه‌ڵ پیاودا له‌پێناوی توانادار کردنی نه‌ته‌وه‌که‌یان بۆ ره‌خسـاندن و ئه‌نجامدانی پێشـکه‌وتن. سێهه‌م قسه‌که‌ر، که عیسمه‌ت قازیی کچی پێشه‌وای کوردستان بوو وتی که‌وا ئێمه‌ی ژنان ده‌بوو ئاهه‌نگی زۆر بگێڕین بۆ ئازادیمان بۆ ئه‌وه‌ی "هه‌موو جیهان بزانێت که ژنی کورد زۆر زیاتر له پیاوان ئازادییان خۆشـده‌وێت". چواره‌م قسـه‌که‌ر خانمه مامۆسـتایه‌ک بوو به ناوی کوبرای عه‌زیمی، که‌وا زۆر به توندی ره‌خنه‌ی له ژنانی مهاباد گرت:

"له‌به‌رئه‌وه‌ی که ئێمه زۆر دواکه‌وتووین (*له‌پاشـین*) و ئه‌رکمان زۆر سـه‌خته و بارمان تادێت گرانتر ده‌بێت، که‌واته ده‌بێ بزانین که چۆن ئه‌م باره قورسه هه‌ڵبگرین و له‌کۆڵی بنێین. هه‌ڵبه‌ت به هێزی ئه‌قڵ و زانیاری ئه‌م باره سـووک ده‌کرێت و لاده‌برێت، به‌ڵام به‌داخه‌وه خه‌ڵکی مهاباد به‌و شێوه‌یه نایبینن. بۆ نموونه، به ده‌ستی خۆیان کچه‌کانیان به‌دبه‌خت و نه‌خوێنده‌وار ده‌که‌ن و داوایان لێده‌کرێت له‌جیاتی خوێندن جووتێ گۆره‌وی بچنن یان کڵاوێک بدوورن یان هه‌ر شـتێکی تر و هی وا هه‌یه ده‌ڵێ: "کچه‌که‌م نانێرم بۆ قوتابخانه چونکه ئه‌ده‌ب و ڕه‌وشـتی تێکده‌چێت". خانمانی ئازیز، پێمناڵێن تێکچوونی ڕه‌وشـت و ئه‌ده‌بی ئێمه له‌کوێدایه؟ ئه‌وانه‌ی که به‌م جۆره بیرده‌که‌نه‌وه زۆر دوورن له ڕاستییه‌وه و له مه‌سـه‌له‌که تێنه‌گه‌یشـتوون. بۆ نموونه من خۆم له گه‌ڵێ کۆڕ و کۆبوونه‌وه‌دا بیسـتوومه و هه‌ر کاتێکیش که ئێمه ده‌بینن، ده‌ڵێن "ئا ئه‌وانه مامۆسـتان" و به ڕق و بێزه‌وه ته‌ماشـامان ده‌که‌ن. ئێمه ئه‌گه‌ر

سەیری نووسین و کتێبی بیانییەکان بکەین زۆر خەمبار دەبین و دەپرسین "خودایە، ئاخۆ ئێمەش وەک ئەوان مرۆڤ نین؟ باشـــە بۆچی ئێمە لە شـــارێکی وەک مهابادا ژنێکمان نیە نەشـــتەرگەر بێت، پزیشـــک بێت، دانســـاز بێت یان تەنانەت مامانێکی جێمتمانە و بڕوانامەدار بێت؟" پاشـــان بڕیاردەر داوای خۆشـــحاڵی دەربڕینی کرد بە رووخانی دیکتاتۆرێتی ڕەزاشـــا و "دوودڵ نەبن لە ناردنی کچەکانیان بۆ قوتابخانە"، کەوا لەوێ بە زمانی دایکیان فێری خوێندن دەکرێن. دواجار بەشـداربووان یارمەتی و پارەیان بەخشـــییە حدک. رۆژنامەکە لیســـتی ناوی ٤١ ئافرەتی تێدایە کە پارە و ئاڵتوونیان بەخشـــیوەتە حیزب[14] . ســـەیر و ســـەمەرە لەوەدایە کە هەموو ژنەکان بە ناوی مێردەکانیانەوە ناســـێنراون. بۆ نموونە، خانمی بەڕێزی کاک ساڵح شاتری. هەفتەیەک دواتر، رۆژنامەی "*کوردستان*" باسی بەســـتنی کۆنگرەیەکی خانمانی کردووە لە مهاباد بەم شـــێوەیەی خوارەوە:

**"کۆنفرانسی خانمان لە کۆمەڵەی کولتووریی کوردی – سۆڤییێتی"**

رۆژی هەینیی ٨ی مـارتی ١٩٤٦، کۆنفرانســـێـک بەســـترا لە لە کۆمەڵەی کولتووریی کوردی – ســـۆڤییێتی لە لایەن خانمی پێشـــەوای (ســـەرۆکی) کوردســـتانەوە بۆ رۆشـــنکردنەوەی ئەقڵ و هزری ژنانی کۆمەڵگەی کوردســـتـان و ژمـارەیەکی زۆر ژنـانی ئەنـدامـانی کۆمیتەی ناوەنـدیی حیزبی دیموکراتی کوردســـتـان و مـامۆســـتـایـان و قوتـابیـانی قوتابخانەی کچان و ژنە فەرمانبەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردســـتان و

هەولێرنامەی کتێب

فەرمانگەکانی حکوومەت و بازرگانان و دووکانداران (کەسەبە) بانگهێشت کرابوون. یەکەمجار، خانمی پێشەوای کوردستان لەبارەی گرنگیی پێخوێندنی ژنان و کچانەوە قسەی کرد و هەروەها پەرەسەندن و پێشکەوتنی یەکێتیی ژنانی سۆڤییێت و پێویستیی ئەوەی کە ئاگادار و ئاشنایان بین. ئەوجا ژمارەیەکی زۆری خانمە مامۆستا و قوتابی و خانمانی تر وتاریاندا. کۆنفرانسەکە لە کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ دەستپێکرد و لە کاتژمێر پێنج تەواوبوو"[١٥].

لە کۆنفرانسەکەدا هیچ باسێک لە ٨ی مارت نەکرا، کە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتانە و هەمیشە لە یەکێتیی سۆڤییێت ئاهەنگی بۆ دەگێڕدرا. لە پاش هەفتەیەک ڕێکخراوێکی ژنان دامەزرا و لە ڕۆژنامەی "*کوردستان*"دا ڕاپۆرتێکی کورتی لەبارەوە بڵاوکرایەوە:

## پێکهێنانی حیزبی دیموکرات
## (لەلایەن ژنانی کوردستانەوە)

"ڕۆژی هەینیی ١٥ی مارتی ١٩٤٦، ژمارەیەکی گەورەی ژنانی بەوەج و خوێندەوار لە لایەن خانمی پێشەوای کوردستانەوە بانگهێشت کرابوون و لە کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆدا لە کۆمەڵەی کولتووری کۆبوونەوە و بە چاودێری و ڕێنمایی خانمی پێشەوای کوردستان (مینا خانم .... لێرەدا وشەیەک ناخوێنرێتەوە)، حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا و ژمارەیەکی زۆری ژنی وەک ئەندام تێدا تۆمار کرا و پێدانی ئابوونەی ئەندامێتییان لەئەستۆگرت لە بڕە پارەی یەک تومەنەوە تا دە تومەن"[١٦].

ناوی ڕێکخراوەکە بە پێی ژمارەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە، یەکێتیی ژنـانی دیموکراتی کوردســـتـان[١٧] (لێرەدا لەگەڵ ئینگلیزییەکەدا نـاوە کوردییەکەش بەم شـــێوەیە نووسراوە - وەرگێڕ) و حیزبی یایان[١٨] (بەهەمان شـێوە بە ئینگلیزی و کوردییەکەشی نووسراوە - و).

بەو پێیە، ڕێکخراوەکە بوو بە باڵی ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردســـتان و دووربوو لەوەی کە لە ئەنجامی بزووتنەوەیەکی فێمێنیســتییەوە هاتبێتە کایەوە و حیزبی ژنان وەک ڕێکخراوێک دروســـتکرا کە بەتەواوی لە ژێر هەژموونی ســیاســی پیاودا بێت. کەســایەتیی ســەرکردەشی یای مینای خێزانی سەرۆک کۆمار بوو.

وادیارە حیزبی ژنان ڕێکخراوێکی کراوەی هەبووبێت و لە دوای یای مینا، کە ڕابەر و ســـەرکردەی ڕێکخراوەکە بوو ســـەرۆکەکانی هەر دە گەڕەکەکەی مهاباد دەهـاتن. لە ڕاپۆرتێکـدا ســـەبارەت بە داهـات و خەرجیی حیزبی ژنان لە سێ مانگی بەهاردا (جۆزەردان کە دەکاتە مایس - حوزێران)، نـاوی ســـەرۆکەکان و داهـاتی (ئابوونەی ئەنـدامێتیی) هەر گەڕەکێک بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە[١٩].

| ژ | ناوی بەرپرسی حیزبیی گەڕەك | ناوی گەڕەك | بڕە ئابوونەی کۆکراوە |
|---|---|---|---|
| ١ | کەلسووم سوڵتانیان | هەرمەنیان | ١,٣٠٥,٠ |
| ٢ | خورشیدی شاتری | بازاڕ | ٢٨٢,٥ |
| ٣ | خەجیجەی قازی | چۆمێ | ٢٢٧,٥ |
| ٤ | سەید عەیشێ شاتری | حاجی حەسەن | ٨٢٢,٥ |
| ٥ | سەدیقەی والیزادە | خیرێ | ٩٣٦,٥ |
| ٦ | زیبا خانم | قۆڵەقەبران | ٢٣٠,٥ |
| ٧ | ئامینەی داودی | قیبلە | ٢١٠,٠ |
| ٨ | زارای مەولەوی | رزگاریان | ٢٠٠,٠ |
| ٩ | پیرۆزەی موشیری | جامیعە | ١٢٠,٠ |
| ١٠ | ماوزەری بیلازادە | یەهوودیان | ٩٥,٠ |
| | کۆی گشتی | | ٤,٤٢٩,٠ |

لە دوو مانگی یەکەمی بەهاردا داهات گەیشتبووە ٩٢٩١ ریاڵ. خەرجییەکانی بریتیبوون لە کرێ خانوو (١٢٠٠ ریاڵ)، گۆڕینی ناوماڵە، فەرشی سەرمێز (٥٢٠٠ ریاڵ)، مووچەی دوو مانگی کارمەندێکی ژن (٤٠٠ ریاڵ)، مووچەی سێ مانگی کارمەندێک دیکە (٦٠٠ ریاڵ)، خەڵووز و گواستنەوەی (٨٠ ریاڵ)، چەرچیی ناوشار (٦٠ ریاڵ) و کۆی بڕی خەرجییەکان (٧٥٤٠ ریاڵ)[٢٠].

بارەگای حیزبەکە یەکەمجار لە لە قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا بوو، بەڵام هەرزوو گواستیانەوە بۆ ئۆفیسێکی نوێ و خانوویەکیان بەکرێ گرت. تێبینییەکی کورتیش داوا لە "خانمانی خوێندەوار" دەکات کە دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن پۆ ئەم پۆستانەی خوارەوە: ژمێریار (*حیسابدار*)، ئەمینداری گەنجینە (*خەزنەدار*)، سکرتێر (*مونشی*)، ئەمین سندووق (*سندووقدار*)[٢١].

ئامانجی سەرەکیی حیزبی ژنان رێکخستن و جۆشدان ژنانی گەورەساڵ (مەبەست لێرەدا کچان و ژنانی تەمەن گەنج و بۆ سەرەوە دەگرێتەوە - و) بوو لە پشتیوانی کردنی کۆمار و نەتەوەدا. ئەوجا لەبەرئەوەی زۆربەی ئەم ژنانە نەخوێندەوار بوون ئەوە حیزب پۆلی نەهێشتنی نەخوێندەواری کردبووەوە بۆیان و بە هەمان شێوە کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەسمیش. چالاکییەکانی تری بریتیبوون لە کۆکردنەوەی پارە و یارمەتی بۆ بۆ سوپای نیشتمانی و بەشداربوون لە رێڕەوت و خۆپیشاندان و نووسین بۆ رۆژنامەکە. هاوکاری کردن و یارمەتیدانی سوپای نیشتمانی کاری ژنانەشی دەگرتەوە لە چنینی جلوبەرگ و گۆرەوی و کڵاو بۆ *پێشمەرگە*. ئەم رێکخراوەی ژنان وێنەی دەوڵەتێکی مۆدێرنی دابوو بە کۆمار کە بایەخ بە بووژانەوە و پێشکەوتنی ژن دەدا.

لە کۆتا بەشی سەدەی نۆزدەهەمەوە، نەتەوەپەروەرەکان جەختیان لە سەر فێربوون و خوێندن دەکردەوە وەک هەلومەرجێکی بنەڕەتی بۆ رزگاریی نیشتمانی. لە ماوەی سەدەی بیستەمیشدا، زۆرێک لە رۆشنبیرانی پیاو و ژن بانگەشەی رەخساندنی خوێندنیان دەکرد بۆ ژنان. بەڵام سەرەڕای

ئەمەش، هەندێک لە باوکان و دایکان و لەنێویاندا دایکانێک لە مهاباد، بەرهەڵستیی کەمپەینی خستنە بەرخوێندنی کچانیان دەکرد. رەخنەگرتنی کوبرا عەزیمی لەو باوک و دایکانەی رەتیاندەکردەوە کچەکانیان بنێرنە قوتابخانە، کە لە سەرەوە باسکراوە، ئەو ناکۆکی و ململانێیە ئاشکرا دەکات کە بەرپابووبوو لە نێوان بایەخ پێدانی نەتەوەپەروەرەکاندا بە تێکەڵکردنی ژنان لە کۆمەڵگەدا و رێبازە سوننەتییەکە یان نەریتییەکەش، کە دەبووە هۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نۆرم و رێسای کۆمەڵایەتیی پێش سەرمایەداری و پەیوەندییە جەندەرییەکانی. لەڕاستیدا، هەموو پیاوانی سەرکردایەتیی کۆمار و بەتایبەتی شەخسی سەرکۆمار خۆی، لە گەڵیَ ژن زیاتر بە تەنگ ڕەخساندن و پێشخستنی خوێندنی مێینەوە بوون. بۆ نموونە، سەرۆکی حیزبی دیموکرات لە شنۆ یەکەم قوتابخانەی کچانی لە شارۆچکەکەدا کردەوە. ئەو ڕاپۆرتەی کەوا لە لایەن حەسەن کازمیی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەوە نووسراوە، سەرنجی ئەوەی داوە کەوا "پێویستە هەموو دانیشتووانی (شارۆچکەکە) سوپاسی (سەرۆکی حدک) بکەن بۆ ئەم خزمەتگوزارییە گرنگە و کچەکانیان بنێرن بۆ ئەم قوتابخانەیە بەوپەڕی حەز و دڵگەرمییەوە ...."[٢٢]. هەروەها ڕاپۆرتەکە جەختیشی کردووەتەوە لە سەر ئەوەی کە کوردستانێکی ئازاد پێویستی بە ژنانی خوێندەوارە، چونکە رزگاری و ئازادی و خوێندن لێکتر جودا نین و بەرزترین دەسکەوت ئەوەیە کە وەک پیاوان بیت. ژنی نەخوێندەوار بارە بە سەر نەتەوە و نیشتمان و بە سەر پیاوی خوێندەواریشەوە. پیاوێک، لە بابەتێکیدا کە لە سەر "ژنانی خوێندەوار" نووسیوێتی دەڵێ:

"رۆژێکیان لە فەرمانگەی خوێندنەوە دەچوومەوە بۆ ماڵ، ژنێکم بینی کە لە بەردەمی بارەگای حیزبی دیموکراتی کورددا وەستابوو. ژنە ئاوڕی لێدامەوە و بەو زمانەی کە مۆرکی ژنە سادە و نەخوێندەوارەکانمانە پرسی "براکەم ئەمە چیە؟" من وایبۆچووم کە ئەگەر وەڵام بدەمەوە کە ئەمە بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستانە، ئەوە ئەو نە لە "بارەگا" و نە لە "حیزب" و نە لە "دێموکراتیش" تێدەگات. بۆیە تاوێک دۆشدامام و بیرمکردەوە و ئەوجا وتم: "لێرەدا هەندێ کوردی گرنگ پێکەوە کۆبوونەتەوە و باس لە کاروباری وڵات دەکەن".

پاشان نووسەرەکە مشتومڕی ئەوە دەکات کەوا نابێت کوردەکان وا بیر بکەنەوە کە هەنگاوی گەورەیان ناوە لە سەر ڕێگەی ئازادی و شارستانی تا ئەو کاتەی ژنان فێری خوێندەواری دەبن و ئاشنای مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەبن (میکایلی ١٩٤٦: ٤).

ئەنـدامـانی حیزب پشــــتیوانییـان لە حکوومەت دەکرد لە ڕێگەی بەخشـــینی دارایی و کۆکردنەوەی پارە لە ژنـانی غەیرە ئەنـدامیشــــەوە. جارێکیان سـەرکۆمار بە یای مینای وتبوو کەوا "شـاژنی فەرەنسـا ئەڵقەی هاوسەرییەکەی پێشکەشی گەلی فەرەنسا کردووە. ئەی ئێوە بۆ پەیڕەوی هەمان شـت ناکەن و من دڵنیام کە ئەمە هانی ژنانی تر دەدات بۆ ئەوەی لەڕووی داراییەوە پاڵپشتیی کۆمار بکەن".

## ڕێکخستنی دامەزراوەی هاوسەرگیری

پێکهێنـانی حیزبی ژنـان بەئـاشــکرا دەرکەوتووترین هەنگـاوە کە سەرکردایەتیی حیزب ناویەتی بۆ ڕێکخستن و جۆشدانی ژنان لە پرۆسەی بنیـاتنـانی نەتەوەدا. کـارەکـانی تر بـایەخ بە دەســتێوەردان دەدات لە پەیوەنـدییە جەنـدەرییە نەریتییەکـانـدا، کە یەکێکیـان ســیـاســەتی تاوانبارکردن و سزادانی جۆرێکی تایبەتییە لە هەڵاتن (لێرەدا مەبەســت لە ڕەدووکەوتن یـان ژنهەڵگرتنە - و). بڕیـارێـک کە لە لایەن ئەنجومونی نیشــتمـانییەوە دەرکرابوو لە چەنـدین ژمـارەی ڕۆژنـامەکەدا بەردەوام بڵاودەکرایەوە:

### (تێبینی)

### ڕەدووکەوتنی کچان و ژنان قەدەغەکراوە

ئەنجومەنی نیشــتمـانیی کوردســـتـان بڕیاری دەرکردووە کەوا هەر پیاوێک بە زۆری زۆرداری ژنێکی شـــووکردوو هەڵبگرێت یان (ژنێک کە نەگوێزرابێتەوە بۆ مـاڵ و مێردی خۆی، ئەوە حوکمی لەســێـدارەدان دەدرێت و ئەگەر کچێکیش ڕەدووکەوت ئەوە پیاوەکە دەبێ بکوژرێت. بەڵام ئەگەر پیاوەکە چووە خوازبێنیی کچەکە و نەیاندایە و هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکی شـەرعی (بۆ هاوسـەرگیرییەکەیان) لەئارادا نەبوو و کچەکە شـــووی نەکردبوو و ڕەزامەنـد بوو، ئەوە ئەوە سزای نیە، بەپێچەوانەوە سێ مانگ تا شـــەش ســـاڵ سزای بەندکردن دەدرێت. ١٣ی شـــوباتی ١٩٤٦، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، حاجی بابەشێخ"[٢٣].

ئەم بڕیارە، لەگەڵ ژمارەیەک بڕیاری تردا، سەربەخۆیی کۆماری دەرخست لە سیستەمی یاسایی دەوڵەتی ئێران و بە شێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی ناوچە خێڵەکی و دێهاتنشینەکان کرابوو کەوا ژنهەڵگرتن و ڕەدووکەوتنی تێدا پیادە دەکرا. بەگوێرەی ئەوەی کە ئەم بڕیارە لەلایەن دەسەڵاتێکی ئاینییەوە دەرچووە کە بنکەکەی لە پایتەختدایە، کەواتە پەلکوتان و دەسەڵاتشکانی سەنتەری شارە بە سەر ناوچە دێهات و ناشارستانییەکاندا، کە لە ژێر حوکم و دەسەڵاتی سەرۆکە خێڵەکی و فیوداڵەکاندا بوو. هەروەها سەپاندنی پرەنسیپە ئیسلامییەکانە بە سەر سیستەمێکی پەیوەندییە جەندەرییەکاندا، کە بەرهەڵستیی هێزی ئاینی دەکرد. زمانی دەقەکە بەئاشکرا دیارە باوکانە یان پاتریارکییە (بڕوانە حەسەنپوور، لەم بەرگەدا). لە ناونیشانی تێبینییەکەوە کە فڕاندن یان ژنهەڵگرتنە تێرمەکە لە لایەنی نێرینەوە بەکارنەهێنراوە. ئەوەی کە جێی سەرنجە کەوا سەرکردایەتیی کۆمار هەوڵی دەستێوەردانێکی هاوشێوەی نەکردووە لە پەیوەندییەکانی زەویوزاردا لە دێهات، کەوا لەو گوندانەی بەپێی بنەمایەکی فیوداڵییانە ڕێکخراون و ڕێز لە مافی ژن نەگیراوە بۆ خاوەنداریێتیی زەوی. لەڕاستیشدا، نەریتی نکووڵی کردنی مافی ژن بۆ بەمیرات مانەوەی زەویی کشتوکاڵی پێشێلکردێک بوو لە لایەن *شەریعەتی* ئیسلامییەوە، کە نیوەی پشکی پیاوی داوە بە ژن. بەڵام تەنانەت بڕیاری هەڵوەشانەوەی ژنهەڵگرتن/ ڕەدووکەوتنیش بەتەواوی سەرکەوتوو نەبوو.

لە تێبینییەکی دەگمەندا، محەمەد ئەمین مەنگووڕی، کە بەشـــداری ئیدارەی سـەربازیی کۆمار بووە، ئیشـارەتی بەوە کردووە کەوا حوکمدان بە ســەر ژنهەڵگرتن/ ڕەدووکەوتنـدا پێچەوانە بوو لەگەڵ داب و نەریتی کۆنفیدراسـیۆنی خێڵەکیی بڵباسـدا کە قەڵەمڕەوی خێڵەکەیان دەکەوتە ڕۆژئـاوای مهـابـادەوە. خەڵکی نـاوچەکەش وایـانـدادەنـا کەوا حوکمێکی "ســتەمکارانەیە و پێیان نـاخۆشـــە چونکە ڕێگە دەگرێت لە ئازادیی خۆشـەویسـتی و ئەشـق و هەڵپەڕکێی ڕەشـبەڵەک و ژن و کچ فڕاندن و هەروەها گەنج و لاوەکان دەکاتە وشــکەســۆفی و جیهانی دڵداری و خۆشەویستییان لێدەشارێتەوە". ئەم مەسەلەیە ڕەخنە و ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە لای مەنگووڕەکان، چونکە بە تێڕوانینی ئەوان ژنهەڵگرتن بە شــکۆ و پیاوەتی لەقەڵەمدەدرا. لای ئەوان هەر ژنێک ڕەدوو نەکەوتایە ڕێزی لێنەدەگیرا و هەمان شت بۆ پیاویش ڕاست بوو: "ئەگەر پیاو ژنێکی نەفڕاندایە، پێیدەگوترا تۆ پیاو نیت، خۆ ئەگەر پیاو بوویتایە ئەوە ژنێکت دەفڕاند". مەنگووڕی وایبۆدەچێت کە "ئەو تاقە هەڵکەوتەی مێژوو بۆ کوردی ڕەخســـاندووە دڵداری و پەیوەندیی ســـەرجێیی ژن و پیاو و ئارەزووکردنی ئازادیی خۆشـــەویســـتیی بووە. لەمەشـــدا کورد پێشی ئەورووپییەکانی داوەتەوە بۆ چێژ وەرگرتن لەو ئازادییە". هەروەها ئەو باس لەوە دەکات کە ئەم پراکتیزەکردنە کار و فەرمانێکی ئابووریشی هەیە. ژنهەڵگرتن و ڕەدووکەوتن هەمیشـە کارێکی سـەرکێش و پڕمەترسی بووە، بەڵام هەموو لایەنەکان ئاشنابوون بە چۆنێتیی چارەسەری ئەم کێشەیە. چونکە ئەنجـامـدەرانی کـارەکە بەدوای پەنـاگەیەکـدا دەگەڕێن و (پەنـا

دەبەنە لای سەرۆکێکی خێڵەکی یان خاوەن ملکێک یان دەسەڵاتێکی ئاینی یان هەرکەسێکی خاوەن رێز و بێلایەن) کە لە شوێنێکی ئارامدا دانراوە دەدرێن تا ئەوکاتەی دانوستان دەکەن بۆ چارەسەرێک، کە تێیدا "مارەییەکی بووک" یان "شیربایی" یان هەر شتێکی تری مادی دەدرێتە باوکی کچەکە و مەسەلەکە دەبڕێتەوە و لێکتریان مارە دەکەن[24]. (تێبینی: زۆر لەگەڵ مێرد و کەسوکاری ژنی شووکردووی هەڵگیراو یان رەدووکەوتووشدا سازان و ئاشتەوایی دەکرا و کێشەکە بەوە چارەسەر دەکرا کە ژنە بگەڕێتەوە لای مێردە کۆنەکەی یان شتێ پارە و ماڵ دەدرا بەم مێردە و کەسوکاری ژنە بۆ ئەوەی تەڵاقی بدات و کابرای ژنفڕێن مارەی بکات و کەسیش لەم بەینەدا نەدەکوژرا و کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر دەکرا - وەرگێڕ).

لە نێو ئەو چاکسازییانەی کە سەرکردایەتی دەستیدایە بڕیارێکی باڵای سەرۆکایەتی بوو بۆ وتاردانی رۆژی هەینی و بۆ یەکەمجار بە زمانی کوردی و ژمارەیەک بابەت تاوتوێ کران و تیشکیان خرایەسەر کە دەبوو ئەم وتاردانەی نوێژی هەینی لەخۆیی بگرێت و یەک لەوانە "کە دەبێت ژن چۆن بێت لە کۆمەڵگەدا". بابەتەکانی تریش ئەمانە بوون: بەگژداچوونەوەی خورافات، رێزگرتن لە یاسا ئاینییەکانی شەریعەت، پاکوخاوێنی راگرتن، بنیاتنانی نەخۆشخانە و کاریگەریی ئارامی و ئاسایش لە سەر پێشکەوتن و پەرەسەندنی نیشتمان و شارستانێتی کۆنی کوردستان[25].

له حکوومەتی سەربەخۆی ئازەربایجانی دەراوسێدا، بۆ یەکەمجار له ئێراندا ژنان مافی هەڵبژاردنیان وەرگرت. له کۆمارە کوردییەکەدا، هەرچەندە دەنگدان وەک مەسەلەیەک نەخراوەتە بەر باس، بەڵام سەرۆک هاوسۆز بووە لەگەڵ دەنگدانی گشتیدا. له چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ قازی محەمەد، پرسیاری لێکرا کەوا "حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی بەخشیوەتە ژن لە هەڵبژاردندا، ئایا تۆش هەمان شتت کردووە؟" وەڵامەکەش ئەوە بووە کە "هەرچەندە من ئەم کارەی ئازەربایجان بە ئەرێنی دادەنێم، بەڵام پێتانڕادەگەیەنم کە من نەمتوانیوە ئەم سەرکەوتنە بەدیبهێنم"[٢٦].

# پرسی هۆشیاریی ژن (فێمینیستی)

ئەو بەڵگانەی تائێستا خراونەتەڕوو ئەوە دەگەیەنن کە هۆشیاریی ژن یان فێمینیستی روون نەبووە لە ناو ژنانی کۆماردا (لێرەدا مەبەست لە فێمینیستی مێینە یان بارودۆخی ئافرەتە و ئەم بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی فێمینیزمی ئەم سەردەمە نیە و چەمکەکە تەواو جیاوازە - وەرگێڕ). ژنە خوێندەوارەکان باوەڕیان بە خوێندنی مێینە و یەکسانیی فەرمی هەبووە لەگەڵ پیاواندا. بەڵام تەنانەت ئەمانیش بە جیددی بەرەنگاری ئەو سیستەمە زاڵەی پەیوەندییە جەندەرییەکان نەبوونەوە. رادیکاڵترین رەخنە ئەوەی عەزیمی بوو، کە بوو بە مایەی نارەزایی هەندی ژن. نەبوونی تەنانەت هۆشیارییەکی فێمینیستیی لیبراڵ لە لاپەڕەکانی رۆژنامەی *کوردستاندا* دۆکیومێنت کراوە. یەکێک لە مامۆستاکان "ئامۆژگارییەکی بۆ ژنان" نووسیوە، کە لە نێو شتەکانی تردا، ئەمانەی خوارەوەی لەخۆگرتووە:

- هەموو رۆژێک پێش ئەوەی مێرد لە ماڵ دەربچێت بەرەو بازاڕ، دەبێت ژنەکەی پرسیاری لێبکات "چ فەرمانێکت هەیە من جێبەجێی بکەم؟"
- ژنی باش و راستگۆ تاجی سەری مێردەکەیەتی.
- ئەگەر مێردەکەت هەڵسوکەوت و رەفتارێکی بەدڵ نەبوو نابێ تۆ بیکەیت و جارێکیتر نەچیتەوە سەری.

- قەت بە باشــە باسی پیاوێکی بێگانە مەکە، ئەگینا مێردەکەت گومانت لێدەکات و دڵی کرمێ دەبێ لێت.
- ئەگەر تۆ زۆر خەم و خەفەتیشت هەبوو، ئەو خەمە دەرمەبڕە کاتێ کە مێردەکەت هاتەماڵەوە.
- هەوڵ بــدە لە مەزاجی مێردەکەت تێبگەیــت بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەوە رەفتار بکەیت[٢٧].

زۆربەی ئەو ژن و پیاوانەی لەبارەی بەشــداریی ژنەوە نووســیویانە لە ژیــانی نەتەوەدا ژنــانی "وڵاتە بێگــانەکــان" بە نموونە دەهێننەوە (لە هەردوک ئەوروپا و یەکێتیی ســۆڤیێت)، وەک مۆدێلێک بۆ چاولێکردن. ژنی بێگانە لەو ئەدەب و نووســینانەدا خوێندەوارە و فێری زانســـت و تەکنۆلۆجیا و هونەر بووە و یەکسانە بە پیاو، هەروەک پیاوانیش هاوکار و بەشــدارن لە دروســتکردن و بنیاتنانی نەتەوە و نیشــتماندا. ناوبەناویش فەرموودە و راســـپاردەی پێغەمبەر محەممەدیش وەبیردەهێنرێتەوە سـەبارەت بە خوێندن بۆ هەردوک پیاوان و ژنان. هەروەها، قسـەکەرێکی تریش کە خانمی شـــاه ســـوڵتان فەتتاحی بوو، لە وتاردانێکیدا جەختی دەکردەوە لە ســـەر پشـــتیوانیی ســـەرکۆمار بۆ خوێندنی مێینە بە ناردنی کچەکانی (واتە کچەکەنی ئەم خانمە خۆی) بۆ بۆ قوتابخانە[٢٨].

مەسـەلەیەکی تر کە ئەویش توانای ژنە بۆ ئەوەی ببێتە جەنگاوەرێکی باش. لە بابەتە نووسـینێکدا لە سـەر ژنانی ئازەبایجانی سـۆڤیێتی (کە لە سـەرچاوە سـۆڤیێتییەکانەوە گوێزراوەتەوە)، جەختکراوەتەوە لە سـەر ئاستی بەرزی خوێندنی ژنان شانبەشانی بەشدارییان لە جەنگی نیشتمانیی

دژە فاشیستدا[٢٩]. لە نووسینێکی تردا لەبارەی "ئازادیی ئاین لە رووسیای سۆشیالیستدا" و ئازادیی ژنانی سۆڤیێت بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و لە هەموو بوارەکاندا جەختی لە سەر کراوەتەوە. سەرنجیش دراوە کەوا ژنی رووس شانبەشانی پیاوان کار دەکەن و جیانەکردنەوەی ژنانی بێگانە لەگەڵ پیاواندا هاوشێوەیەکی هەیە لە وڵاتدا. "تۆ بڕوانە بارودۆخی تیرە و هۆزەکان لە کوردستاندا و دەبینی کەوا پیاوان و ژنان پێکەوە و شانبەشان کاردەکەن (لە تۆودان و دروێنە و گێرەکردن و بەروبووم کوتاندا) و یارمەتیی یەکتر دەدەن و سەرەڕای ئەوە ژنان کاروباری ماڵ و منداڵ بەخێوکردنیش راپی دەکەن. بەهەرحاڵ، ئەوەی کە ژنانی رووسیا دەیکەن زۆر بەنرخ و بایەخدارە چونکە ئەوان خوێندەوار و بەئاگان، بەڵام ژنانی لای ئێمە زۆر نەزانن"[٣٠].

# ئەنجام

ئەم بابەتەی کە لە ژێر شیکردنەوە و پێداچوونەوەدایە بەشێک لەو ئاراستانەی لێکۆڵەرەوانی تر دەسەلمێنێت کە لە بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا سەرنجیانداوە لە سەرانسەری جیهاندا. لە کوردستانی ساڵی ١٩٤٦دا، بزووتنەوەی ژنان لەدواوە بوو بەراورد بە بزووتنەوەی نەتەوەیی. هۆشیاریی نەتەوەیی بەرفراوانتر بوو و زیاتر پەلیکوتابوو و لەپێشتر و کۆنتر بوو. لەکاتێکدا کە لە لای ژنان ئازادی و یەکسانی لە مافەکاندا و بەشداری کردن لە خەبات و تێکۆشاندا چوونە ئەجێندای نەتەوەییەوە و هۆشیاریی تێپەڕی نەکرد لە داواکارییەکانی پلاتفۆرمێکی لیبراڵی کاڵ و کرچی ژنانە.

یەکەم رێکخراوی ژنانەی کورد ساڵی ١٩١٩ دامەزرا لەلایەن کەسانی دەستەبژێری ناسیۆنالیستی کوردەوە لە دوورخراوەیی لە ئەستەمبووڵ. ئەمیش، وەک گرووپە سیاسی و کولتوورییەکانی تری کورد، لە پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا فەوتا و لەناوچوو، کە هەموو چالاکییە نەتەوەییەکانی سەرکوت کرد دوابەدوای راپەڕینی کورد لە ساڵی ١٩٢٥دا. وادیارە حیزبی ژنانی دیموکراتی کوردستان دووەم رێکخراوی ژنان بووە. حەپسە خان، کە ژنێکی سەر بە ئەریستوکراتیەتی ملکداریی زەوی بوو لە کاتی حکوومەتە سەربەخۆکەی شێخ مەحموود لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠کاندا دەرکەوت، بەڵام کارەکانی ئاماژە و دەلالەت نەبوون بۆ سەرهەڵدانی هۆشیاریی ژنان یان رێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان. حەپسە خان پشتگیریی مەسەلەی نەتەوەیی دەکرد و پەیڕەوی ئەجێندایەکی

دەکرد بۆ پێشخستنی ژنان، بەتایبەتی لە مەسەلەی مامەڵەکردنی لەگەڵ خوێندەواری و فێرکردن و خوێندنی مێینەدا.

جووڵانەوەی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٤٦دا ژنانی هاندەدا بۆ بەشداری کردن لە چالاکییەکانی دەرەوەی ماڵدا، بەڵام گەلێ سنووردانان و کۆتوبەندی دەخستە سەر بوون و ئامادەگیی گشتییان و تەنها وایان بۆدانرابوو تەنها بتوانن هاوکاری و یارمەتیی پیاو بکەن لە مەسەلە نەتەوەییەکەدا. کۆمار یەکەم دەوڵەتی کوردی بوو کە دەیویست و ئیددیعای دیموکراتی و مۆدێرنبوونی دەکرد. هەڵبەت پێکهێنانی ئەم حیزبەی ژنان پشتیوانییەک بوو بۆ ئەم بۆچوون و وێناکردنە و ژنان ئامادەگییان هەبوو لە کایە گشتییەکاندا هەر لە سەرەتای رژێمە سەربەخۆکەوە. دروستکردن و ئامادەگیی حیزبێکی ژنان مۆرک و بەشداریی ژنی بە فەرمی کرد لە ژیانی سیاسیی کۆماردا بەڵام لە هەمان کاتدا، پاساویشی-دا بە دوورخستنەوەیان لە ریزەکانی بڕیار دروستکردن لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا. وەک رێکخراوی ژنان لە (حدک)دا، دیسانەوە جیاکردنەوەی خۆی لە ریزەکانی گەل فۆرمەلە کرد لە رووی هێلی جەندەرییەوە و هەرلایەک(لێرەدا مەبەستی ژنان و پیاوانە - و) رێکخراوی خۆیان هەبوو، کە بەئاشکرا هەردوولا لە یەک ئاستدا نەبوون و یەکسانیش نەبوون.

رۆژنامەی *کوردستان*، کە هەموو دوو رۆژ جارێ دەردەچوو، لەگەڵ چەندین گۆڤاردا و دواجاریش ئێستگەیەکی رادیۆ، بەرواڵەت کەشێکی جەماوەریی دەنواند، بەڵام لەراستیدا، تەنها دەستەبژێرێک و

دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی بگەنە ئەو رادیۆیە و ئەودوای دانیشتووانی پایتەخت هەر دەیانتوانی گویێ لەو بڵندگۆیانە بگرن کە لە چواررێیانی سەرەکیی شاردا دایانمەزراندبوون. بەهەرحاڵ، گرنگە تێبینیی ئەوە بکرێت کە هەموو چاپەمەنییەکان و ئێستگەی رادیۆ خاوەندارێتی و بەڕێوەبردنیان لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە رایی دەکرا و ئەمەش بارودۆخێک بوو کەوا کەشێکی جەماوەریی نەدەگەیاند بە قسەکەر و گوێگری جیاوازەوە و نووسەران و خوێنەرانی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی حوکمران. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رووبەرێکیان رەخساندبوو بۆ ڕاگەیشتن بە چالاکییەکانی ئافرەتان و سیاسەتێکی فەرمیی جەندەریدا.

حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجانی دەراوسێ لە کۆمارە کوردییەکە رادیکاڵتر بوو، چونکە پێچەوانەی کوردستان، ئازەبایجان ریفۆرمی زەویوزاری کشتوکاڵیی دەستپێکردبوو، ئەگەرچی سنووردارێش بوو، بێجگە لە دانپیانان بە مافی ئافرەت لە دەنگداندا. تەبرێزی پایتەختی ئازەبیجان

دووەم گەورە شاری ئێران بوو و تا کۆتایی سەدەی نۆزدەش گەورەترین سەنتەری شارستانی بوو لە وڵاتدا. هەروەها سەنتەری رادیکاڵیی شۆڕشی دەستووریی (مەشرووتە) ١٩٠٦ - ١٩١١ بوو لە ئێراندا. میر جەعفەری پێشەوەریی سەرۆکی حیزبی (فیرقەی - و) دیموکراتی ئازەربایجان و سەرۆک وەزیرانی حکوومەتە نەتەوەیی/ نیشتمانییەکە یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی جووڵانەوەی کۆمۆنیستی بوو لە ئێراندا. هەروەها بوونی هێزەکانی سۆڤیێتیش لە ناوچەکەدا دیسان فاکتەر بوو. پاڵپشتی کردنی

پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی سۆڤیێتیدا مەسەلەیەکی بەردەوام باسکراو بوو لە میدیای چاپ و پەخشی ـ سۆڤیێتیدا. لە چاپەمەنی و پەخشی ـ رادیۆی هەردوک ئازەربایجان و کوردستاندا، بەشداریی ژنی سۆڤیێتی لە جەنگدا دژ بە فاشییەت هەمیشە وا دەخرایەڕوو کە بەڵگەی ئازادییانە. مەسەلەیەکی گرنگە کەوا مافی دەنگدان بۆ ژنی فەرەنسی ـ تا ساڵی ١٩٤٤ دانی پێدا نەنرا، واتە دوو ساڵ پێش ئازەربایجان.

نیو سەدەیەک پێش دروستکردنی حیزبی ژنان، پێدەچێت بزووتنەوەی ژنان لە کوردستاندا هێشتا هەر لە دوای بزووتنەوەوە نەتەوەییەکەوە بووبێت. سەرکوتکردنی نەتەوەیی بەسەختی باڵی کێشاوە بە سەر جەندەر و چیندا و ئەوەی زیاتر کۆسپ و تەگەرەیە کەوا سەرکردە نەتەوەییەکان جەخت لە سەر خەباتی نەتەوەیی دەکەنەوە و روون و ئاشکرا مەسەلەی نەتەوە زاڵ دەکەن بە سەر جەندەردا و گەلێ لە حیزبە نەتەوەییەکان لە بایەخی چین و جەندەر کەمدەکەنەوە و ئەم مەسەلانە دووردەخەنەوە بۆ پاشەڕۆژ. لێرەدا شیاوی باسکردنە کەوا دوو حیزبی سیاسیی، واتە کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست لە ئێراندا) و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بواری بەرفراوانتری ژنانیان داوە بۆ بەشداری لە خەباتی چەکداری و رێکخستنی سیاسیدا. بەهەرحاڵ، رۆڵی ژن لەمەی دواییاندا ساڵی ١٩٤٦مان بیردێنێتەوە. لەکاتێکدا کەوا زۆرێک لە ژنان تێکەڵی چالاکیی غەیرە نەریتی بوون (بۆ نموونە، ئەرکی سەربازیی شەڕکردن و غەیرە شەڕکردن، رۆژنامەی حیزبی و کارکردنی تیم) بەڵام کەسیان نەگەیشتنە پێگەی سەرکردایەتیی باڵا.

هەندێ لە حیزبە سیاسییەکان، بۆ نموونە، پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە ئەوی پێشوو لەمی دوایی زیاتر لەواقیعدا کۆســـپ و ڕێگر بوون لە بەردەم پێشـــکەوتن و برەوســـەندنی بزووتنەوەی ژنـانـدا. بۆ نموونە، پـدک ئیـددیعـای ئەوە دەکات کەوا کۆمەڵگەی کوردی ئیسلامی و نەریتییە و بەو پێیە دەبێ ژنان دوای فۆرمە ئاینی و نەریتییەکانی یاسا ورێسای پەتریارکی (باوکانە) بکەون. ئەم گرووپە ناســـیۆنالیســـتانە، بە جەختکردنیان لە ســـەر دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی زیاتر خۆیان تەرخان دەکەن بۆ پاتریارکی وەک لەوەی گرنگی و بایەخ بە مەسەلەی ژنان بدەن بە بیانووی دابونەریتەوە[٣١].

هەڵکشـان و پێشـکەوتنی شـارسـتانییەت، دروسـتبوونی چینەکانی ناوەند و کرێکار، پەرەسـەندنی خوێندن و سـەرهەڵدانی دیاسـپۆرای کورد لە ڕۆژئـاوا هەر هەموو ڕۆڵیـان بینی لە دەرکەوتنی بزووتنەوەی ژنـان و پەیوەندیی روولەزیادی لەگەڵ فێمینیستە سۆشیالیست و رادیکاڵەکاندا. رەخنەگرتن لە سـیسـتەمی پاتریارکی لەلایەن فێمینیسـتەکانی کوردەوە کە سەر بە هیچ حیزبێک نەبوون تازە دەستییپێکردبوو. نووسەرە کوردەکان، بە ژن و پیـاویـانەوە، کەوتنە گومـانەوە لە پـاتریـارکییەتی کوردی لە کوردستان و دیاسپۆرادا.

مێژووی بزووتنەوەی رزگـاریی ژنـانی کورد وەک خەڵکی کورد خۆی ســـەرکوتکراوە. بێگومـان زانیـاریی زۆر کەمە لەبـارەی ســـەرکەوتن و شکستەکانەوە. پەردە لادان لە سەر ئەم مێژووە بەندە بە دۆزینەوە پەردە لادان لەسەر جووڵانەوەکە خۆی.

تاقە جیاوازیی لەنێوان کوردستان و رۆژئاوادا بریتییە لە سەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە "دیموکراسییەکانی رۆژئاوادا". لە سەدەی هەژدەوە ناسیۆنالیزمەکانی ئەوێ دەسەڵاتی دەوڵەتیان گرتەدەست و لە سەرەتایەکی زۆر زووەوە "نیشتمان nation" ژنی خستە دەرەوە (بڕوانە، لە نێو ئەدەبێکی گەشەکردوودا، نیلسن ١٩٩٨). لە هیچ شوێنێک ژنان بە "هاوڵاتیی تەواو" لەقەڵەم نەدەدران و مەسەلەکە سەدەیەک خەبات و تێکۆشانی ژنانی ویست پێش ئەوەی رێگەیان پێبدرێت پراکتیزەی مافی هاوڵاتی بکەن چەشنی مافی دەنگدان. لەڕاستیدا، ژنان لە رێگەی خەباتی سیاسیی رێکخراو و بەرەنگاربوونەوەی تیۆریی چڕ لەگەڵ پاتریارکییەتدا بۆ بچڕینی یەکسانیی یاسایی لەگەڵێ لە "دیموکراسییە رۆژئاواییەکاندا". بەهەرحاڵ، نایەکسانی بە قووڵی رەگی داکوتاوە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا.

ناکۆکی و ململانێ لە نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزمدا هێشتا هەر بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. هەروەها دژبەریش زۆر زەقە لە ناو بزووتنەوە نەتەوەییەکانی جیهانی گەشەکردوودا. نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارسیش لە سالانی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دەسەڵاتیان گرتووەتەدەست، کە تۆماری ئەوانیش لە مامەڵەکردندا لەگەڵ پەیوەندییە جەندەرییەکاندا بە هیچ جۆرێک لە هاوشێوە رۆژئاواییەکانیان باشتر نیە. لەبەرانبەردا، جووڵانەوە نەتەوەییەکانی کورد هەوڵدەدەن و ئامانجیان ئەوەیە دەسەڵاتی دەوڵەت بەدیبێنن. تا ئەو ئاستەی کە ئەوان حوکمی خۆبەڕێوەبەریان پراکتیزە کردووە لە ئێراندا لە

ساڵی ١٩٤٦دا و لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٩٢وە، ناسیۆنالیزمی کوردی لەو ئاراستەیە لاینەداوە کە لە رۆژئاوادا دەستیپێکردووە.

لە کوردستاندا شەڕ و ململانێ بەردەوام دەبێت و پاشان بە نێوەندگیری دانوستان دەستپێدەکات و شەڕوەستان دەسەپێت بەسەر هەردوولادا بە هۆی درندەیی پاکتاوی رەگەزی (ئیتنۆساید) و پیادەکردنی جینۆساید لەلایەن هەر چوار دەوڵەتە نەتەوەییەکەوە. ماوەتەوە بزانین ئاخۆ جووڵانەوەی ژنانی کورد رێگە بە نەتەوەییەکان دەدەن هەر رۆڵی پارێزگاریی ببینن لە پاتریارکییەت. بەهەرحاڵ، مەسەلەکە زیاتر سادە و ساکار دەکەینەوە ئەگەر وایدابنێین کە ناسیۆنالیزم تەنها کۆسپ و تەگەرەیە لەبەردەم رزگاربوونی ژناندا. وەک جووڵانەوەیەکی هۆشیار بۆ هەڵوەشانەوەی سیستەمی پاتریارکییەت، فێمینیزم لە ناوەوە ملکەچ دەکرێت بە هۆی ئەو هەڵوێستە تیۆرییانەوە کە پێوەر و چوارچێوە بۆ "ئاشتەوایی و چارەسەر" دادەنێن. لە رۆژئاوا بانگەشە کردن بۆ "فێمینیزمی رەسەن" لەلایەن فێمینیستە پۆستمۆدێرنیستەکانەوە دەردەچێت و تیۆریسیانەکانی ناسنامەی سیاسەت هانی چارەسەری دەستهەڵگرتن یان مامناوەندی دەدەن لەگەڵ پاتریارکییەتی ئیتنیکی و نەتەوەیی و ئاینیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتی نەتەوەیی کوردی سەبارەت بە "مەسەلەی ژن" پێش ئەم "چارەسەرەی" پۆستمۆدێرنیستە دەکەوێت بە چەند دەیەیەک (بڕوانە کلەین، لەم بەرگەدا). لەکاتێکدا ناسیۆنالیزمی کوردی سەرکەوتوو بووە لە پارێزگاری کردنی پاتریارکییەت و رەسەنایەتی و تیۆرییەکانی "سەرپێشۆڕکردن" فێمینیزم بانگهێشت دەکات

بۆ ئەوەی ببێتە تووتکەی دەستەمۆی ناسیۆنالیزم. سەرباری ئەو سەرکوتکردن و داپڵۆسینە درندانەیەی ناوخۆ کە دژ بە خەڵکی کورد ئەنجامدەدرێت، زۆر پێدەچێت کەوا فێمینیستە کوردەکان لە سیستەمی پاتریارکی نەپارێنەوە و باکیان پێنەبێت لەبەر خاتری ئاین و نەتەوە و پوختی و خاوێنیی رەگەز یان ئەتنیک.

## تێبینییەکان:

١ - ئەم بەشــە ســەرلەنوێ نووســینەوەی لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوامە لە ســەر ئەم بــابەتە. بۆ ئەم کارە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردســـتانم (ژێ کاف) بەکارهێنــاوە، لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی کۆمــاری کوردســـتان و دەســـنووســـەکان و چاوپێکەوتنەکان و سەرچاوە لاوەکییەکان.

٢ - وشەی "جمهووریەت" لە ڕۆژنامەی "*کوردستان*"دا بەکارهاتووە، کە لە لایەن حیزبی حوکمڕان و قـازی محەمەدی ڕابەری حیزب و حکوومەتەوە بەکاردەهـات و پێیاندەوت "ســـەرۆکی کۆمار"، کۆمیتەی ناوەنـدیی حیزبی دیموکراتی کوردســـتان مەرســـوومێکی دەرکرد، کە تێیدا هەموو کەس و لایەکی ئاگادارکردەوە کە لە نامە و نووسراوەکانیاندا بۆ قازی محەمەد ئەم ناونیشـــانە بەکاربێنن "*ڕەییس جمهووری کوردستان*"، واتە سەرۆک کۆماری کوردستان (ڕۆژنامەی *کوردستان*، ١٩٤٦، ١٤ی شــوبات، ژمارە ١٣، لاپەڕە ٤). بەڵام لە ژێر فشــاری ســۆڤیێتدا، ئەم دەســتەواژە و ناوەیان لە نووسراوە فەرمییەکاندا بەکارنەدەهێنا و بۆ ســەرۆک کۆمار هەر "*پێشەوا*" دەنووسرا و دەشـگوترا، کە بە واتای ڕابەر و ســەرکردە دێت. بەڵام کورد هەر لە ســەر ناوهێنانی "کۆمار" بەردەوام بوون.

٣ - "ڕێبازی کۆمەڵە دیموکراسییە و هەوڵی تەواو دەدات لەپێناوی بەختەوەریی ژیانی مرۆڤدا، (بابەتە نووســینی ٨ی بڵاوکراوە لە گۆڤاری "*نیشتمان*"دا، ١٩٤٢، ٦:٦)، تەنها سێ بابەت لە بەڵگەنامە دوور و درێژەکەدا بڵاوکراونەتەوە.

٤ - دەقی شـانۆییەکە نەماوەتەوە. وەسـفێکی زۆر وردی لەلایەن فەرشییەوە (١٩٩٥) باسکراوە. گێڕانەوەیەکی کورتی لە ئیگلتن (١٩٦٣) پێشکەش کراوە.

٥ - ئەم بەڵێنە لە دەستووری حیزبدا هاتووە (بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٩، لە خوارەوە)؛ هەروەها بڕوانە ئیگلتن (٩٦٣ : ٧٠ - ١).

٦ - تۆماری گوندەکانی وڵات (*کیتابی ئەسامیی دێهاتی کیشوەر*)، (١٩٥٠ : ٢٦).

٧ - *فەرهەنگی جوغرافیای ئێران*، (١٩٥١ : ٥١٢).

٨ - ئەم زانیارییانە لە حکوومەتی ئێرانەوە وەرگیراوە (١٩٦١ : ١٤ - ٥).

٩ - *مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان* (١٩٧٠ : ٣٠ - ١).

١٠ - رۆژنامەی *کوردستان* (١٩٤٦) ١٠ (٦ ی شوبات) : ١، ٤.

١١ - *کوردستان* (١٩٤٦) ١٣ (١١ ی شوبات) : ١.

١٢ - گۆڤاری منداڵان (*گروگاڵی منداڵانی کورد*)، بۆ نموونە ئەم هۆنراوەیەی بڵاوکردووەتەوە:

"بۆ کچان

ئەی کیژی کورد! ئەتۆش دیسان وەک برا گەورەکەت فێرە خوێندەواری دەبی

هەرگیز پاشگەز مەبەوە لە خوێندن، ئازیزی من

براکەت پێویستی بە یارمەتی و هاوکاریی تۆیە

ئەو تەواو پێویستی بە بیر و هزری جوانی تۆیە

پشتم لە زەوی مەدە و فێربە

چونکە کەسی نەخوێندەوار ئاژەڵە (١٩٤٦ : ٧)".

١٣ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٢٧ (٢٥ی مارت) : ٢ - ٣.

١٤ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٢٩ (٣٠ی مارت) : ٤.

١٥ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٢٤ (١٣ی مارت) : ٧.

١٦ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٢٤ (١٣ی مارت) : ٣.

١٧ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٧٩ (٢٢ ئاب [پێویستە ٢٠ی ئاب بێت، واتە ٢٩ی گەلاێژ]) : ٤.

١٨ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٨٥ (٥ی ئەیلوول [پێویستە ١٢ی ئەیلوول بێت، واتە ٢١ی خەرمانان]) : ١.

١٩ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٧٧ (١٥ی ئاب) : ٤.

٢٠ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٧٧ (١٥ی ئاب) : ٤.

٢١ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٨٥ (٥ی ئەیلوول [پێویستە ١٢ی ئەیلوول بێت، واتە ٢١ی خەرمانان]) : ١.

٢٢ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٢٤ (١٣ی مارت) : ٥.

٢٣ - *کوردستان* (١٩٤٦) ١٦ (١٨ی شوبات) : ٤.

٢٤ - پاڵپشت بەو دەسنووسەی کە محەمەد ئەمین مەنگووڕی نووسیوێتی (١٩٥٨ : ١٧٦ - ١٧٧). دانەر یان نووسەر خۆی لە خێڵی مەنگووڕە لە کۆنفیدراسیۆنی بڵباسدا و پرسیاری کردووە لە سەر کاریگەریی ئەو بڕیارە لە سەر خەڵکی ناوچەکە، لەکاتێکدا کە ئەو خۆی تێدا شاردەوە بە ماوەیەکی کەم لەدوای رووخانی کۆمار. بڕوانە ئەدمۆنس (١٩٥٧ : ٢٢٥ - ٢٢٦) لەبارەی رەدووکەوتنەوە لە ناو بڵباسەکاندا. من زۆر سوپاسی بەڕێز مەحموودی مەلاعیززەت دەکەم کە ئەم دەسنووسەی خستە بەردەستم. ئەو ئەم دەسنووسەی لە سوێد چاپکردووە.

٢٥ - *کوردستان* (١٩٤٦) ١٠ (٤ی شوبات) : ٣.

٢٦ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٢ (١٣ی کانوونی دووەم) : ٤.

٢٧ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٢٧ (٢٥ی مارت) : ٣.

٢٨ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٢٨ (٢٧ی مارت).

٢٩ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٧٣ (٤ی ئاب) : ٢.

٣٠ - *کوردستان* (١٩٤٦) ٧٢ (٣٠ی تەمووز) : ٤.

٣١ - بە هێنانەوەی نموونەیەک لەبارەی ئەم هێڵەی بیرکردنەوە، من چاوپێکەوتنێکی ساڵی ١٩٩٣ دەگوێزمەوە لەگەڵ چوار سەرکردەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستاندا، کە یەکێکە لە رێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق. یەک لەو ئافرەتانە نکووڵیی کردووە لە کوشتنی بەربڵاوی ژنان لە کوردستانی عێراقدا و ئیددیعای ئەوەی کردووە کە تەنها دوو ژن رەنگە لە سلێمانی کوژرابێتن. لە پرسیارێکدا سەبارەت بە

هەڵوێستی ئەوان لە ڕەدووکەوتن وەک ڕێگەیەک بۆ ڕەتکردنەوە یان خۆدزینەوە لە هاوسەرگیریی ڕێکخراو (ئاسایی) و ژن بە ژن یان فرۆشتنی کچان (شیربایی)، یەکێک لەو ژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا ئەم ڕەفتارەی ڕەتکردەوە، چونکە بە باوەڕی ئەو، ئەمە دژ بە داب و نەریتی گەلی کوردە. سەرکردەیەکی تری ڕێکخراوەکەی ئافرەتان ڕەدووکەوتن و ژنهەڵگرتنی ڕەتکردەوە و وتی: من ناتوانم ڕاستەوخۆ بڵێم کەوا (ڕەدووکەوتن) شتێکی باشە. بەڵکو پێویستە ڕوون و ئاشکرا لەو کۆمەڵگەیە تێبگەین کە تێیدا دەژین و چ جۆرە کولتوورێکمان هەیە؟ ئێمە ئەگەر لەبارەی مافەکانی ئافرەتەوە قسە بکەین لە چوارچێوەیەکی زۆر بەربڵاودا ئەوە کۆمەڵ خۆی لەدژمان دەوەستێتەوە. ئێمە دەبێت هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ کۆمەڵدا بڕۆین، لەبەرئەوەی کولتووری ئیسلامی و کولتووری کورد بووە بە یاسایەکی کۆمەڵایەتی و ئەگەر ئەم سنوورە بترازێنین ئەوە سەرکەوتوو نابین.

ئەم چوار ئافرەتەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا سەرکردە بوون لە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستاندا و لە گەشتێکدا بوون بۆ ئەوروپا لەپێناوی سازکردنی پشتیوانی بۆ کارەکەیان (چنگیانی ١٩٩٣ : ١٢٢، ١٢٤).

## بیبلۆگرافی


- هێمن، ش. (١٩٤٣ - ١٩٤٤) "ئاخافتنی خوشک و برایان" (گفتوگۆی خوشکان و برایان)، گۆڤاری *"نیشتمان"* ٤/٣ (١٣٢٢، دیسەمبەر ١٩٤٣ - کانوونی دووەم ١٩٤٤) : ٢٣ - ٢٤).
- چنگیانی، جەزا (١٩٩٣) "چاوپێکەوتن لەگەڵ چوار ئافرەتی سەر بە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان"، گۆڤاری *"خەرمانە"*، ٩ - ١٠ : ١٢٢ : ١٢٤.
- ئیگلتۆن، ج. ویلیەم (١٩٦٣) "کۆمارە کوردەکەی ساڵی ١٩٤٦". لەندەن : چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد.
- ئەدمۆنس، سی. جەی. (١٩٥٧) "کورد و تورک و عەرەب". لەندەن : چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد.
- *"فەرهەنگی جوغرافیای ئێران"* (١٩٥١)، بەرگی ٤، تاران : چاپخانەی ئەرتەش، ١٣٣٠.
- فەرشی، برایم (١٩٩٥)، "کورتەیەک لە سەر شانۆی 'دایکی نیشتمان' "، گۆڤاری *"گزنگ"* ٧ : ٢٣ - ٢٨.
- گۆڤاری *"گرۆگاڵی منداڵانی کورد"* (١٩٤٦)، ١ (١)، (٢١ی مارت).
- حکوومەتی ئێران (١٩٦١)، وەزارەتی ناوخۆ، ئاماری گشتی، بەشی ئاماری سەرژمێریی دانیشتووانی یەکەم یەکەم سەرژمێریی نیشتمانیی ئێران، ئابانی ١٣٣٥ (نۆڤەمبەری ١٩٥٦)، بەرگی ٤٧، *ناوچەی سەرژمێریی دانیشتووانی مهاباد*، مایسی ١٩٦١ : ١٤ - ٥.
- *"کیتابی ئەسامیی دێهاتی کیشوەر"* (تۆماری گوندەکانی وڵات) (١٩٥٠). بەرگی ١، ئوستانەکانی ١، ٢، ٣ و ٤، تاران، وەزارەتی کیشوەر، ئیدارەی کوللیی ئامار و سەبتی ئەحواڵ، فەروەردین ١٣٢٩، چاپی دووەم : ٢٦.

- مەنگووڕی، محەمەد ئەمین (١٩٥٨) *"بەسەرهاتی سیاسیی کورد لە ١٩١٤وە هەتا ١٢ای تەمووزی ١٩٥٨ "*، بەرگی ١، دەسنووس. لە سوێد چاپ و بڵاوکراوەتەوە لە ژێر ناونیشانی *"بەسەرهاتی سیاسیی کورد لە ١٩١٤وە هەتا ١٩٥٨"*. بەشی ١، ١٩٩٩.
- *"مەرامنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان"*. لە گۆڤاری *"تووده"* ١٩، تیر ١٣٤٩ / ١٩٧٠ :     ٣٠-١.
- میکایلی، رەسوڵ (١٩٤٦) "حەملاندنی ژنان" (خوێندنی ژنان). رۆژنامەی *"کوردستان"* ٧٥ (١١ی ئاب) : ٤.
- نێلسن، دانا (١٩٩٨). *"پیاوەتیی نەتەوەیی: هاووڵاتیی سەرمایەداری و خەیاڵی برایەتیی پیاوی سپی"*. دورهام : چاپی زانکۆی دیوک.

**سەرنج:** ئەم باسەی د. شەهرەزاد موجاب بەش یان فەسڵی سێهەمی کتێبێکێتی بە ناوی "ژنانی گەلێکی بێدەوڵەت WOMEN OF A NON – STATE NATION"
به ناوی: ژنان و ناسیۆنالیزم له کۆماره کوردییه‌کەی ساڵی ١٩٤٦دا

Women and Nationalism in the Kurdish Republic of ١٩٤٦

Shahrzad Mojab

- شەهرەزاد موجاب **Shahrzad Mojab**

توێژەر و پرۆفیسۆر و چالاکوانە و لە جیهاندا بە کارەکانی ناسراوە لە سەر کاریگەرییەکانی جەنگ، راگوێزان و ئاوارەبوون و توندوتیژی لەسەر فێربوون و خوێندنی ژن، جەندەر، کۆچ و دیاسپۆرا، فێمینیزمی مارکسی و زانستی پەروەردەی دژە رەگەزپەرستی. پرۆفیسۆری خوێندنی گەورە و گەشەکردنی کۆمەڵ، ژن و توێژینەوە جەندەرییەکانە لە زانکۆی تۆرۆنتۆ – کەنەدا. لە گەڵ زانکۆی ئەمەریکی و کەنەدی موحازەرەی لەو بوارانەی سەرەوەدا وتووەتەوە و پۆستی زانستیی بەرزی هەبووە، بەتایبەتی لە بواری جەندەردا و چەندین خەڵاتی زانستی کراوە و لە نێویاندا خەڵاتی کۆمەڵەی شاهانەی کەنەدا لە بواری توێژینەوە جەندەرییەکاندا،ساڵی ٢٠١٠.

د. شەهرەزاد ژنێکی بە رەگەز ئێرانییە و لەدایکبووی شاری شیرازە و چەپرەوێکی ناسراوە لە ئاستی جیهاندا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی ژن و جەندەر بەتایبەتی. هاوسەری پرۆفیسۆر د. ئەمیری حەسەنپوور بووە کە زانایەکی ناسراوی بواری زمان و ناسیۆنالیزم بووە و لە بنەچەدا کوردی مهاباد بووە و لە زانکۆی تۆرۆنتۆی کەنەدا بووە و ساڵ ٢٠١٧ لەو وڵاتە کۆچی دوایی کردووە. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە کتێب و لێکۆڵینەوەکانی:

١. مارکسیزم و فێمینیزم.

٢. ژن، جەنگ، توندوتیژی وخوێندن و فێربوون.

٣. فێربوون لە مارکسەوە: رەگەز، جەندەر.

٤. توندوتیژی بە ناوی شەرەف و نامووسەوە: تەحەدا تیۆری و سیاسییەکان.

**٥. ژنان و گەلێکی بێدەوڵەت: کوردەکان (٢٠٠١)، (ئەم کتێبە لە ئینگلیزییەوە کراوە بە تورکی). ئەو بابەتەی ئێمە لێرەدا کردوومانە بە کوردی، بەشی سێهەمی ئەم کتێبەیە.**

**٦. خاوەندارێتی و ئادابی کۆمەڵگە: ڕۆڵی جەندەر و چین لە ئیمپریالیزم و ناسیۆنالیمدا.**

**٧. ژنانی ئێران: بابەتێکی بیبلۆگرافی (٢٠٠٠). کامبریج، *دامەزراوەی توێژینەوەی ژنانی ئێرانی*..**






پرۆفیسۆر د. شەهرەزاد موجاب- زانکۆی تۆرەنتۆ - کەنەدا